# پڕوپاگەندەی سیاسیی بەریتانی لە ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)دا

پ.ی. د. بەهات حەسیب قەرەداخی[1]

[1]بەشی تەکنیکی میدیا /کۆلێژی تەکنیکیی کارگێری
زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان-عێراق

پوختە :
لەدوای داگیرکردنی ویلایەتی بەغداد ، لە ساڵی 1917 دا ، ئینگلیزەکان کەوتنە دانانی نەخشە و پلان بۆ هەڵکشان بەرەو کوردستان و ویلایەتی موسڵ . بۆ ئینگلیز واباشتر بوو بەرلە هاتنیان بۆ کوردستان زەمینەسازییەك بکەن تاکو کەمترین زیانیان بەرکەوێت
دەرچواندنی رۆژنامەیەک بەزمانی کوردی بەناوی ( تێگەیشتنی راستی )یەوە لە بەغداوە ، بووە پێویستییەکی سەرەکیی ئەو پرۆسەی زەمینەسازییە . (تێگەیشتنی ڕاستی) بڵندگۆو ئامرازی پروپاگەندەی سیاسیی ئینگلیز بوو، ئامانجی هەرە سەرەکیی ئەوە بوو "ڕاستیەک" لە کورد "بگەیێنێ" کە ئینگلیز سەرکەوتووی جەنگن و دوژمنەکانیش کە تورکی عوسمانیین، دۆڕوان، هەر میللەتێکیش دۆستایەتی ئینگلیز بکات ، ئەوا لەو سەرکەوتن و خێرو خۆشیە بێ بەش نابێت، خۆ ئەگەر وا نەکەن خراپیان بەسەر دێت! .
لەو ڕوانگەیەوە ئینگلیز لەڕێی هەواڵ و وتارەکانی ( تێگەیشتنی ڕاستی )یەوە لەماوەی ساڵێکدا هەڵمەتێکی پروپاگەندەی سیاسیی بەرنامە بۆ دارێژراوی بە سستماتیک، بەرپاکردو تێکەڵەو کۆکراوەیەکی تەکنیکی هەمە جۆری تێدا بەکارهێنا.

پێشەکی:
لە ساڵی 1914 دا کە یەکەمین جەنگی جیهانی، تەنیا چەند مانگێک بوو هەڵگیرسابوو، لەشکری بەریتانی ویلایەتی بەسرەی داگیرکرد. لەو ویلایەتە تەنها سێ چاپخانە هەبوون : یەکێکیان حکوومی و دووانەکەی تریان ئەهلی بوون . ئینگلیزەکان دەستیان گرت بەسەریانداو لەڕێی بڵاوکراوەیەکی کەم تیراژەوە بەناوی (بەسرە تایمز) پروپاگەندەی خۆیان بڵاودەکردەوە. سەرباری بڕیار و فەرمان و ڕێوشوێنە عەسکەریەکانی دۆخی داگیرکاری، هەواڵی بەرەکانی جەنگیشی لە سەرچاوەکانی وەک ڕۆیتەرەوە، وەردەگرت و بڵاوی دەکردنەوە.
سەدان ساڵ بوو خەڵکی بەسرە فێری دانیشتن و کۆڕ و کۆبوونەوەی ناو چایخانەکان بوون، لەڕێی هەندێ لە پیاوانی سەر بە ئینگلیزەوە بەسرە تایمز و هەندێ بڵاوکراوەی تر لەو کۆبوونەوانەدا بەدەنگی بەرز

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 4 ، العدد 1 (2023)
أُستلم البحث في 21 سبتمبر 2022؛ قُبل في20 أكتوبر 2022
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 22 مايو 2023
حقوق الطبع والنشر © 2023 . د. بهات. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

دەخوێنرانەوەو پەیامەکانیان بەزۆرترین ژمارەی خەڵک دەگەیێنران و هانی خەڵکی بەسرەیان دەدا بەگژ دەسەڵاتی تورکدا بچنەوەو هەڕەشەی زۆر توندی لەوانەش دەکرد کە مەیلی تورکخوازییان لەسەردا مابوو. هەر لەم بڵاوکراوەیەوە هانی نووسەرو خوێنەرەکانی دەدرا کە، هاریکاریی ئینگلیز و بڵاوکراوەکە بکەن و شتی بۆ بنووسن و داخی خۆیانی تێدا بەرامبەر بەتورک هەڵڕێژن. ( الحسني ، 1971 ).

لە 1917/7/4 دا، لەشکری ئینگلیز گەیشتە ناو ویلایەتی بەغداو لەوێش ڕۆژنامەیەکی دەرکرد لەژێر ناوی (العرب ) دا لەلایەن (ئەناستاس ئەلکەرمەلیی - کرستیانی عێراقیی بە ڕەچەڵەک لوبنانی) دەردەچوو. Mark Lewis, (1988). ناوی العرب، جۆرە بەرتیلێک بوو بۆ نەتەوە پەرستەکانی عەرەب و خێڵ و سەرەک خێڵەکانیان، کە ماوەیەک بوو دەمیان لەقسەوباسی قەوارەی نەتەوەیی عەرەبیەوە، وەردەدا. هەروەها بەرتیلێکیش بوو کە شەفاعەت بۆ ئینگلیز بکات ، ئەگەر چی غەیرە دینیشە، بەڵام ڕزگارکەری نەتەوەییانە. مانشێتی یەکەم ژمارەی العرب بریتی بوو لەم ڕستەیە " ئەم ڕۆژنامەیە لە پرەنسیپ و مەبەستەکەیدا عەرەبییە، لە بەغدا لەلایەن عەرەبەوە بۆ عەرەب دەردەچێت". لە یەکەم سەروتاریدا تورکەکانی بە "کوڕەکانی یەئجوج و مەئجووج" ناوبردبوو، کە "دەیانەوێت عەرەبەکان لەناو بەرن". (العرب،1). العرب هانی عەرەبەکانی دەدا وڵاتەکەیان لەژێر چەپۆکی تورکەکان ڕزگار بکەن و خۆیان سەربەخۆ بکەن. هەوڵێکی بێ وچانی ئەدا تا دەستەڵاتی ئینگلیز لەناو عەرەبدا خۆشەویست بکات و وەک ڕزگارکەر پێی ئاشنا ببن. بانگەوازێکی بەردەوامی هەبوو بۆ خێڵە عەرەبەکانی عێراق کە، هەلێکی مێژووییەو نابێ لەدەستی بدەن، بەهاوکاریی ئینگلیز خۆیان لەچنگی تورکە دواکەوتووەکان ڕزگار بکەن (العرب،1918،6) ، تەنانەت قسەیەکیان کردبوو بەوێردی سەر زمانی خەڵک : "من ترک الاتراک، بلغ الافلاک !" واتا : هەرکەس دەسبەرداری تورکان بێت ، دەگات بە کەشکەلانی فەلەک! ( هادی،1984 ).

لە قۆناغێکی دواتردا، کە ترسی گەڕانەوەی تورک بۆ ئەو ویلایەتە عەرەبیانە بەتەواوی ڕەویەوە، مەسەلەی (عێراقی عەرەبی) و پرۆژەی پێکهێنانی دەوڵەتێک بۆ عەرەبەکانی عێراق زیاتر چووە پێش، ئیدی ڕۆژنامەی العرب هیچ ڕۆڵێکی نەما و ترازووی هێزو بارودۆخی نوێی سیاسی و سەربازی وای دەخواست کە پەیامێکی نوێ لە ڕێی ڕۆژنامەیەکی نوێوە ، بڵاوبکرێتەوە، بۆیە رۆژنامەی (العراق) جێی (العرب) ی گرتەوە. ئەلعەرەب لە دوایین ژمارەی خۆیدا ڕایگەیاند کە " سبەی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی ئەلعێراق بڵاودەکرێتەوە" و "سیاسەتی ڕۆژنامەی ئەلعێراق درێژکراوەی سیاسەتی ئەلعەرەب دەبێت".

پەیامی ( العراق ) پەیامی سەردەمی ئینتداب و پێکهێنانی دەوڵەتی پادشایەتی عێراق بوو. هەموو کۆششێکی بۆ ئەوە بوو پرسی پێکهێنانی دەوڵەتێک بۆ عەرەبەکانی ویلایەتی بەسرەو بەغداد، بکاتە ئامانجێکی میللی لە ناو خێڵ و هۆزە عەرەبەکانی ئەو دوو ویلایەتەدا. (العراق) ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بوو بۆ یەکەم جار لە 1ی حوزەیرانی 1920 لە بەغدا بڵاوکرایەوە، ڕەزاق داود غەنام ،خاوەنی بوو .

یاخیبوونی چەکداریی ساڵی **1920** ی خێڵە عەرەبەکانی باشوور سەری لە ئینگلیزەکان شێواندبوو. ئینگلیز لە هەوڵی هێورکردنەوەی بارودۆخەکەدا بوو ، بۆیە گورج ڕۆژنامەیەکیان دەرکرد بەناوی (الشرق) ، پەیامی ئەم ڕۆژنامەیە لە سەروتاری یەکەمین ژمارەیدا ڕاگەێنرابوو : " ئەم ڕۆژنامەیە کار بۆ بەتینکردنی گیانی ئاشتی و تەبایی نێوان عیراقیەکان و دەسەڵاتدارانی ئینگلیز دەکات"(الشرق،1920، 1) کاتێکیش بارودۆخەکە هێور بۆوە، ئیدی کاریان بە الشرق نەماو ڕاگیرا. تەمەنی دوو مانگ و نیو بوو لە **8/30** تا **17**/11/**1920**.

ئەوانە نموونەی ئەو ڕۆژنامانە بوون کە لەهەردوو ویلایەتی بەسرە و بەغدای ژێر دەستی ئینگلیزدا دەردەچوون و ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبوو لە پروپاگەندەی سیاسی و سەربازی و چاندنی بیروباوەڕی نوێ لەناویاندا بەو مەبەستەی مەیلێکی گشتی و کەشوهەوایەکی دەروونیی ئەوتۆ بخوڵقێنن کە کردەوەکانی تورک زۆر ناشرینتر بنوێنن و کردەوەو هەڵوێست و ڕێکارەکانی ئینگلیزیش جوان و ئینسانیانە بنوێنن.

کێشەو پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیە :

پروپاگەندەی سیاسیی بەریتانی لەڕێی ڕۆژنامەو بڵاوکراوەی چاپکراوەوە لە ساڵانی جەنگدا ،بۆ بەرەی هاوپەیمانان : (( شانشینی یەکگرتووی بەریتانیا - ئێرلەندا ، کۆماری فەرەنسا، ئیمپراتۆریەتی رووسیای سیزاری )) چەکێکی دەروونیی هەرە کاریگەربوو بۆ ڕووخاندنی ورەی هێزەکانی بەرەی تەوەر : ((ئیمپراتۆریەتی جێرمانی ، ئیمپراتۆریەتی نەمسایی مەجەری ، دەوڵەتی عوسمانی و شانشینی بولگاریا )). پروپاگەندەی سیاسی – بەتایبەتی بەریتانی- فاکتەرێکی کاریگەرو یەکلاکەرەوە بوو لە داڕشتنەوەی نەخشەی سیاسیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی دوای جەنگدا. ئەوەی بۆ ئەم توێژینەوەیە جێی بایەخە، دیاریکردن و تێگەیشتن و شیکردنەوەی ئەو تەکنیکانەیە کە بەریتانیا لە پروپاگەندەی سیاسیی خۆیدا لەڕێی ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)یەوە بە زمانی کوردی پەیڕەویکردوون.

لێرەوە هەوڵەکەمان بۆ وەڵامدانەوەی چوار پرسیاری سەرەکی دەبێت:

1. ئایا پروپاگەندەی سیاسی چ پێگەو بایەخێکی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەبووە؟
2. ئایا تەکنیکە هەرە باوەکانی پرۆپاگەندەی سیاسیی کامەنەن؟
3. ئایا ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستیی) تا چەند لەخزمەتی پروپاگەندەی سیاسیی بەریتانیادا بووە ؟
4. ئایا جۆرەکانی تەکنیکی پرۆپاگەندەی سیاسیی بەریتانی لە (تێگەیشتنی ڕاستی) دا کامانەبوون ؟

ئامانجی توێژینەوەکە : ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتییە لە

1. ئاشنابوون بە چەمک و پێناسەو مێژووی پروپاگەندە بە گشتی و پروپاگەندەی سیاسی بەتایبەتی.
2. ئاشنابوون بە تەکنیکە هەرە باوەکانی پروپاگەندەی سیاسیی.
3. ئاشنابوون بە پێگەی ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) لە پروپاگەندەی سیاسیی بەریتانیدا.
4. ئاشنابوون بە جۆرەکانی تەکنیکی پروپاگەندەی سیاسیی بەریتانی لە رۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)دا.

بایەخی ئەم توێژینەوەیە :

بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە سەرلەنوێ بە شێوازی شیکاریی ناوەڕۆک، خوێندنەوەیەکی تایبەت دەکات بۆ چەند لاپەڕەیەکی گرنگ و بەرایی مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردی و پێگەو ڕۆڵی لە پەیرەوکردنی تەکنیکەکانی پروپاگەندەی سیاسیی ئینگلیزداو چۆنیەتیی گونجاندنی بانگەشەی سیاسیی بەریتانیا لەگەڵ هزرو هۆشیاریی مونەووەران و خەڵکی ئەم پارچەیەی کوردستاندا کە بە (کوردستانی جنوبی) ناسرا بوو.

میتۆدو کۆمەڵگەو سامپڵی ئەم توێژینەوەیە :

توێژینەوەکەمان لەجۆری توێژینەوەی وەسفیی شیکارییەو بەپاڵ میتۆدی مێژووییەوە، بۆ کۆکردنەوەو دیاریکردنی زانیاریی و پۆلێنکردن و شیکردنەوەی ناوەڕۆک و شرۆڤەکردنیان پشتمان بەستووە بە شێوازی شیکاری ناوەڕۆک لەڕووی چۆنیەتییەوە (تحليل المحتوى الكيفي)کە گونجاوترین ڕێگەیە بۆ "سەرلەنوێ خوێندنەوەی دەقەکان بەو ئاراستەیەی خزمەت بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە بکات"( Zhang and Wildemuth, 2016 ).

کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمان بریتییە لە هەموو ژمارەکانی (تێگەیشتنی ڕاستی لە 1918/1/1 تا 1919/1/27)کە 67 ژمارەیەو سامپڵی توێژینەوەکەش، بریتییە لە بژاردەیەکی ڕێکخراو لە وتارو هەواڵ و ڕاپۆرتەکانی نێو ئەو ژمارانەی تێگەیشتنی ڕاستی.

## باسی یەکەم :
## پروپاگەندەی سیاسی

### 1. پروپاگەندە چییە؟

زاراوەی( پروپاگەندە) ڕەگوریشەیەکی ئاینیی هەیەو لە زەمانی لاتینیدا هەمان ئەو واتایەی هەبووە کە لەم سەردەمەدا بۆتە پیشەو ئامانجی کەسانێک کە بە ( میسیۆنێری مەسیحی ـــ موژدەبەخشی کرستیانی) و (الداعية ) ی ئیسلامی لە زمانی عەرەبیداو لە زمانی سەردەمیانەی کوردیشدا بە (بانگخواز) ناسراون. پێناسەیەکی یەکلاکەرەوەی ئەوتۆ لە ئارادا نیە کە گشت شارەزایان و توێژەران لەسەری کۆکبن. بەگوێرەی پێناسەی فەرهەنگی کامبریدج : " بریتییە لە کۆی ئەو زانیاری ، بیروباوەڕ ، ڕاوبۆچوون یان وێنانەی کە زۆربەی جار تەنیا دیوێکی و بەڵگەو ڕاستییەکان دەخەنەڕوو، بە مەبەستی کاریگەری خستنەسەر ڕاوبۆچوونی کەسانی تر". لە پێناسەیەکی تردا پروپاگەندە بریتییە لە " چالاکییەکی میدیاییە لەلایەن دەوڵەتەوە یان هەر ڕێکخراوو دەستەیەکی کۆمەڵایەتی یان سیاسییەوە ئەنجامدەدرێ ،بە ئامانجی دەستگرتن بەسەر هزرو لێکدانەوەو هەست وسۆزی خەڵکدا بۆ ئەوەی ناچاریان بکەن پشتیوانیی لە سیاسەتەکانی پڕوپاگەندەکار بکەن و بە جۆرێک هەڵسوکەوت و ڕەفتار بکەن کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیدا یەکبگرنەوە" ( الرضا ،1998، 199) لاسوێل لەبارەی پروپاگەندەوە دەڵێت: " بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی بیرورای خەڵک لەڕێی دارشتنی چیرۆک، دەنگۆو واتە وات و راپۆرت و وێنەو شێوازەکانی تری پەیوەندیی کۆمەڵایەتییەوە بۆ چاندنی بیروڕای جیاواز لە مێشک و دەروونیاندا بەهەر ئامرازێکی گونجاوی هزری یان سۆزداری " (Jay Black .2001). " ئەو زانیاری و بیرۆکانەیە کە لەلایەن گروپێکی ڕێکخراو یان حکومەتەوە بڵاودەکرێنەوە بۆ کاریگەری دانان لەسەر ڕای خەڵک، بە پێنەدانی هەموو ڕاستیەکان یان بە نهێنی جەختکردنەوە لەسەر تەنها یەک ڕێگای بینینی ڕاستییەکان".(dictionary.cambridge.org). پروپاگەندە " هەوڵێکە بۆ ئاراستەکردنی توانا دەروونییەکانی تاک و بەرژەوەندییەکانی بە یەک ئاراستەداو بەئامانجی قایلکردنی بە بیرۆکەیەک کە ئەگەر لەژێر فشاردا نەبێت هەرگیز ناگات بەو قایلبوونە "( سميسم ، 1992، 162). توێژەرێکی زانکۆی کالیفۆرنیا ستەیتیش، بەم جۆرە پێناسەی پروپاگەندە دەکات : " پڕوپاگەندە زانیاریی بارگاوییە بە سۆز، بۆ کاریگەری خستنە سەر ڕاو ڕەفتاری خەڵک، بە مەبەستی بەدەستهێنانی

پشتیوانی بۆ ئامانجەکانی پرۆپاگەندەکار" Nancy Snow, (2018).

کەواتە پروپاگەندە شێوازێکە لە شێوازە ئامانجدارەکانی ڕازیکردن بە مەبەستی کاریگەریخستنە سەر هەستوسۆزو ڕاوبۆچوون و هەڵوێست و ڕەفتاری کەسانێک یان جەماوەرێکی بەئامانجگیراوی دیاریکراو لەپێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکی ئایدۆلۆژی یان سیاسی یان بازرگانیدا ، ئەوەش لەڕێی ئاراستەکردن و وەشاندنی پەیامی تاکلایەنەی کۆنترۆڵکراوەوە لە کەناڵەکانی ماس میدیاوە . پسپۆران لەسەر ئەوە کۆکن کە دوا ئامانجی پروپاگەندە بریتییە لە کاریگەری خستنە سەر بیرکردنەوەو هەڵسەوکەوتی تاک و جەماوەر، بۆ بەرژەوەندیی لایەنی پرۆپاگەندەکار، لەڕێی ئاراستەکردنی پەیامی بارگاوی و ئامانجدارەوە لە کەناڵەکانی میدیای جەماوەری یان لەڕێی پەیوەندیی تاکە کەسییەوە. بۆیە دەتوانین بڵێین پروپاگەندە میتۆدێکە بۆ ڕازیکردنی کەسانی تر تا بەجۆرێک بیربکەنەوەو هەڵوێست بنوێنن و ڕافتاربکەن ، کە پێشتر نەیانکردووە، هەموو ئەوەش لەپێناو دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی ، یان ئایینی و بازرگانی، کە دەشێ درووست بێ، یان نا.

2. پروپاگەندە لە مێژووی کۆن و نوێدا:

زۆر لە مێژە مرۆڤ ئاشنا بووە بە تواناو هێزی پروپاگەندەو دێرینترین شارستانییەتییەکانیش پروپاگەندەیان وەک شێوازێکی سەرەکیی خۆ ناساندن و خۆ سەپاندن و سڕینەوەی نەیارەکانیان بەکارهێناوە. هەموو گرووپە مرۆییەکان، لەهەوڵی بێ وچاندا بوون بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانیان. کاتێکیش مرۆڤایەتی گەیشتە ئەو قۆناغە مێژووییەی لەڕێی وشەو نووسین و هێماو ئایکۆنەکانەوە، گوزارشت لە خۆی و خواست و نەریت و سەروەرییەکانی بکات، ئیدی بێ سڵەمینەوە دەستی برد بۆ خەڵەتاندن و فێڵ و فریودانی دوژمنەکانی و ساختەکردنی هەواڵ و پەردەپۆشکردنی هەندێ ڕاستی ، هەروەها زیادەڕۆیی لە خودویستی و خۆ پەسنکردن و پیاهەڵدان و دنەدان و هاندان. بنەماڵەی فیرعەونەکان شوێنەواری یەکدییان دەسڕییەوەو ئایکۆنەکانیان لەناودەبردن. بە ئامانجی گەیشتن بە نەمری و خۆ ناساندن و خۆ سەپاندن و ریسواکردنی دوژمن و ناحەزەکانیان. سەرکەوتن و ڕووداوە گرنگەکانی سەردەمی دەستەڵاتی خۆیان لەسەر گەڵای ڕووەکی بەردی و دیواری پەرستگەو پەیکەرە داتاشراوەکانیان تۆماردەکرد. (صلاح ، 1967، 151) . هەمان ڕەفتارو هەڵسوکەوت لەنێوان سۆمەری و ئەکەدییەکاندا، ئاشوری و بابلییەکانیشدا ڕوویداوە. لە کتیبی پیرۆزی تەوراتیشدا بەناوی (خواستی خوداو گەلی هەڵبژاردەی خودا) وە ، جۆرەها شێوازی دنەدان و ڕەواییدان بە هەر دژایەتیکردن و لێدانێکی نەیارانی تەورات دەبینرێن.

گریکەکان لە سەدان ساڵی پێش زایینەوە ئاشنابوون بە پروپاگەندەی سیاسی و سەربازی و کەسانی وەک هیرۆدۆتس یان تێدا هەڵکەوتووە ( 484-425 پ.ز ) کە بە نووسینەوەی مێژووی سەرکەوتنەکان بووە سمبوڵی خۆراگریی خەڵکی گریک بەرامبەر بە دوژمنەکانیان **(T. James, 2002, p. 26)**. لەپێناو ڕەواییدان بە شەڕو جەنگە فروانخوازییەکانی ئیمپراتۆریەتی گریک و دنەدانی جەماوەرو بتەوکردنی ڕیزەکانی ناوخۆو وێناکردنی دوژمنی دەرەکی وەک دڕندەیەک ، پروپاگەندە پیادەدەکرا.

لەلایەکی ترەوە هەردوو فەیلەسوفی یۆنانی ( پلاتۆ – ئەفلاتون 428-348پ.ز) و (ئەرستۆ 384- 322پ.ز) ڕۆڵێکی بەرچاویان لەو بوارەدا گێراوە، ئەویان بە ڕێنوماییەکانی لە ( کۆماری ئەفلاتون ) دا ، کە دەشێ چی بۆ خەڵک باسبکرێ و چییان بۆ باس نەکرێ ، ئەرستۆیش بە کتێبە مەزنەکەی "ڕەوانبێژی، هونەری قایلکردن، تێکەڵەی زانستی لۆژیک و لقێکی ئەخلاقی سیاسەت"لە سەدەی 4ی پ.ز، بەدانانی مەرج و توخمەکانی یەکەمین وتاردانی سیاسیی کاریگەرو ڕازیکەر، هێڵی بناغەی پروپاگەندەی سیاسییان بۆ ئەو سەردەمەو دواتریش داڕشت. ( حاتم، 1989،71 ، 72 )

پاپا گریگۆری بووە کە لەساڵی 1622ی زایینیدا ، بە مەبەست و ئامانجی کاری میسیۆنێری و موژدەپێدان لە سەرزەمینی ئەودیو دەریاکاندا ( التبشير فيما وراء البحار) ، کۆمەڵەیەکی بە ناوی (کۆمەڵەی پروپاگەندەی پیرۆز) دامەزراند. ( سكري ، 1991، 72). لە ماوەی شۆڕشی ئەمریکادا هەردوو سەرۆک: تۆماس جێفرسۆن و بنیامین فرانکلین بە دوو پرۆپاگاندەکاری زۆر کارامە دادەنران (http://blog.tavbooks.com) . ناپلیۆن پۆناپارتیش لەبارەی کاریگەریی پروپاگەندەو ڕۆژنامەوە گوتوویەتی : "زۆر زیاتر لە سێ دانە ڕۆژنامەی دژ بترسە، نەک لە هەزار سەرە ڕم" (الدليمي، 2011، 102).

لە ماوەی شەڕی 30 ساڵەی جوتیارانی ئەوروپا و ئەڵمانیادا 1618 تا 1648 ، کە لەئەنجامی لێکترازانی (مارتن لوثەر کینگ) و ڤاتیکان ڕوویدا، لە ترسی بڵاوبوونەوەی بیروراکانی مارتن لوثەر بە ئەوروپادا، ڤاتیکان لیژنەیەکی پروپاگەندەی پێکهێنا کە شوێنکەوتووانی ئەو ڕێبازەیان بە لادەرو کافرو ساحیر ناودەبردو خەڵکیان لە دژیان هاندەدا. کە چاپخانەش داهێنرا، ئیدی پروپاگەندە وەک زاراوەیەکی سەربەخۆ سەریهەڵداو بەپاڵ ئەرکی ناشرینکردن و دێواندنی دوژمنەوە، چووە قۆناغی بانگەشەکردن بۆ هەندێ بیروراو بەرژەوەندیی سیاسیی تایبەتیش. لە ماوەی ساڵانی یەکەمین جەنگی جیهانیشدا،( 1914 -1918) پروپاگەندە لەوە دەرچوو کە تەنها هونەرو ئەزموون بێت و بوو بە زانستێکی سەربەخۆی بە بنەماو مەرج و دسیپلینی تایبەت بەخۆی

(ربيع ،1972، 10). له سەرەتای ئەو جەنگەدا لەسەر خواست و بڕیاری هەردوو حکومەتی ئەوسای ئەمریکاو بەریتانیاو بە هاوکاریی گەورە بیرمەندو تیوریست و ئەکادیمیستانی هەردوو وڵات ( جۆن دیوی، ڤالتەر لیپمان، ئەدوارد بێرناس ) چەندانی تر لیژنەی پروپاگەندە پێکهێنرا. هاوکات لە بەریتانیاشدا وەزارەتێک بەناوی وەزارەتی پروپاگەندە ڕاگەێنرا.( محمد ، 2018، 1997-1998)

لەژیانی هاوچەرخی شارستانیدا وای پێویستکرد هەر هەڵوێست و بڕیارێکی سیاسی جگە لە دەستەبژێری سیاسی، جەماوەریشی لێ ئاگاداربکرێتەوەو پاساوو بەهانەکانیان ڕوونبکرێنەوە بۆ ئەوەی زەمینەسازییەکی تەواو بۆ پیادەکردنیان بکرێت، بەوەش تاڕادەیەکی باش پاڵپشتی و پشتیوانیی خەڵکێکی زۆریان بۆ مسۆگەر دەکرا. سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامە کاریگەرییەکی زۆری بەسەر چەمکی پروپاگەندەوە جێهێشت و وەک ئامرازێکی ماس کۆمینیکەیشن ڕۆڵیکی مەزنی لەو بوارەدا گێرا.

لەگەرمەی ئەو جەنگە سەرتاسەرییەدا پروپاگەندەی سیاسیی وەک ئامرازو شێوازێکی هەرە گرنگی جەنگی دەروونی هاتە ئاراوەو کاریگەریی زۆری بەسەر لێکدانەوەو هەڵوێستی خەڵکەوە جێ هێشت و بەو ئاراستەیەدا بردنی کە پروپاگەندەکار دەیخواست ، ئەوەش دیاردەیەکی زۆر نوێ بوو ، چونکە پێشتر هەرگیز پروپاگەندەی سیاسی بەو ڕادەیە کاریگەریی بەسەر ژیانی میللەتانەوە نەبووە.

شێوازو تەکنیکەکانی پروپاگەندەی ئینگلیز لە ساڵانی یەکەمین جەنگی جیهانیدا کاریگەریی زۆری بەسەر هزرو لیکدانەوەی کەسێکی وەک ئەدوڵف هیتلەرەوە هەبوو کە لەو سەردەمەدا سەربازێکی لاوی ئەڵمانی بوو. هیتلەر پروای وابوو کە بەزیین و دۆڕانی ئەڵمانەکان لەجەنگی یەکەمدا بەهۆی بەهێزی و توانای جەنگاوەرانی هاوپەیمانانەوە نەبووە ، بەڵکو بەهۆی توانای کاریگەریی ماشێنی پروپاگەندەی بەریتانیاوە بوو، کە هەرەسی بە ورەو گیانی بەرگریی لەناو سوپای ئەڵمانیادا هێنا (الدليمي، 2011، 49 ).

3. ڕاگەیاندن و پروپاگەندەی سیاسی :

هەندێ جار تێکەڵی و پێکەڵییەک دێتە ئاراوە لە نیوان واتاو ئەرکی چەمکی راگەیاندن لەلایەک و چەمکی پروپاگەندە لە لایەکی ترەوە. ڕاستییەکەیشی ئەوەیە کە ڕاگەیاندن، بەتایبەتیش ڕاگەیاندنی جەماوەری( ماس میدیا) واتاو ئەرکی هەمەڕەنگ و ئاست جیوازی خۆی هەیە هەر لە هەواڵدان و هۆشیاری و پەروەردەو فێرکردن و گواستنەوەو پاراستنی کەلتوورو زمان و بەهاو نەریتە کۆمەڵایەتییەکانەوە تا ئاشتەوایی و ڕێنومایی و خۆشباریی تاکەکان و خێزان. یەکێکیش لەو بوارانەی، کە بەهۆکارگەلێکی دارایی و ئایدۆلۆژی، ئەگەری زۆرە کە ڕاگەیاندنی جەماوەری تێوەی بگلێ و ڕووبەرێکی فراوانی چالاکییەکانی بخاتە خزمەتییەوە، بریتییە لە بواری پروپاگەندەی سیاسی.

ئامرازو دەزگاکانی راگەیاندنی جەماوەری (ماس میدیا ) بە هەموو جۆرو شێوازو ئاستەکانییەوە، بریتییە لە سیستمێکی تەواوی چاودێری وکۆکردنەوەو داڕشتنەوەو پەخشکردن و گەیاندنی زانیاری و پەیام بە جەماوەر، ماس میدیا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە چاندنی بیرۆکەی نوێ و دڵنیابوون لە خۆشباری و پێکەوەهەڵکردنی تاکەکان بەگوێرەی بنەما کۆمەڵایەتییەکان و دەستەمۆکردنیان لەناو پێکهاتە فراوانەکاندا، ئەمەش وای کردووە لە هەر قۆناغێکی مێژوویدا بە پێی دەرکەوتن و پەرەسەندن و بەربڵاویی هەر جۆرو شێوازێکی راگەیاندنی جەماوەری، یەکێکیان یان زیاتریان، پێگەیەکی هەرە لەپێش لە بواری گەیاندنی پەیامدا بگرێ، بەو جۆرە ڕۆڵێکی گرنگیشی لە بانگەشەو پروپاگەندەی سیاسیی دەوڵەتان و پارتە سیاسییەکاندا گێڕاوە.

ماسمیدیا شکۆو سامێکی تایبەتی بە تاک و گروپە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەبەخشێت و بەجۆرێ هەژموونیان لەناو ژیانی واقیعیدا زیاددەکات کە دەبنە مایەی ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر( سميسم، 1922، 186). چونکە ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری خەسڵەتی کاریگەریی خێراو توانای گەیاندنی پەیامیان بە دوورترین جێ و زۆرترین ژمارە خەڵک هەیە ( ولبر شرام،1970، 180). ( شيللر،1998، 65 )

لەم سەردەمەشدا کە ململانێیەکی سەخت لە نیوان بەرژەوەندییە دژبەیەکەکان و دەستەڵات وسەروەت و سامان لەئارادایە، دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری باشترین سەکۆن بۆ پیادەکردنی پروپاگەندەیەکی ڕێکخراوو سیستماتیک.( Edward & Chomsky,1988). هەڵبەت بۆ سەردەمی میدیای نوێ و ئینتەرنێت و سۆشیالمیدیاش پرسەکە ئاڵۆزترو فرە مەوداتر بووە کە ئێرە جێی باسکردن و شیکردنەوەیان نیە. لەو قۆناغە مێژووییەشدا کە باسەکەی ئێمە دەیگرێتە خۆ، ڕۆژنامەو پۆسترو بلاوکراوە، پاش ئەوانیش ڕادیۆو لە پلەی سێهەمیشدا سینەما( لە باکوورو خۆرئاوای گۆی زەویدا)، ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری بوون و ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان لە پاراستنی یەکڕیزیی ناوخۆیی و ئۆپەراسیۆنە مەیدانییەکان و جەنگی دەروونی و هەرەسپێهێنانی ورەی دوژمندا گێڕاوەو خزمەتێکی زۆریشیان بە پرۆسەی داگیرکردنی هەست و هۆشی تاک و کۆی دانیشتوانی وڵاتانی مەیدانی شەڕو سەر گۆی زەوی بەگشتی کردووە.

4. تەکنیک و میکانیزمەکانی پروپاگەندەی سیاسی :

پروپاگەندەکارانی بازرگانی لەماوەی سەدان ساڵدا، شارەزاییەکی زۆریان لە بواری فرۆشتن و ساغکردنەوەی کاڵاو کەلوپەل و خزمەتگوزارییەکانیاندا پەیداکردووەو زۆر

چاک لە تەکنیک و تەنانەت فرت و فێڵەکانیشی تێگەیشتوون و دەزانن چۆن وکەی و لەکوێ و بە چ زمانێک کرپارەکانیان ڕازیدەکەن. هەرچی پروپاگەندەکارانی سیاسی و ئاینی و ئەخلاقیشن، بەگشتی ئەرکیان قورسترەو پرە لە کێشەو سەرئێشە! چونکە ئەرکی ئەمان سنووری ڕازیکردنێکی کاتی و سەرپێی تێدەپەڕێنێ و ئامانجی ئەوەیە کە خەڵک ڕازیبکات بەسەر هەندێ لە خواست و بۆچوون و تێگەیشتنەکانی پێشتریاندا زاڵ ببن بۆ بەرژەوەندییەک کە گوایە گشتییەو هێشتا دیار نیەو دوورەدەستەو دەست بەجێ نایەتە دی! (الدليمي، 2011 )

بۆ ئەوەی پروپاگەندە ئامانجەکانی خۆی بپێکێت ، پێویستە لەناو دوو چێوەی سەرەکیدا کاری خۆی بکات : چێوەی مەعریفە و هزرمەندی و چێوەی سۆزو هەڵچوونە دەروونیەکان . ئەگەرچی زۆرجار کاردانەوەو مامەڵەی تاک و کۆی خەڵکی بە ئامانجگیراو، تێکەڵەیەکە لە هەردوو چێوەکە، واتا هەم لە ئەنجامی لێکدانەوەی هزرییەوە هەم لە ئەنجامی کاردانەوەیەکی سۆزدارییەوە دەکەونە ژێر کاریگەریی پروپاگەندەو پروپاگەندەکارەوە ( هانی ورامز، 1998، 195) ". لەڕێناو کاریگەری خستنەسەر هزرو تێگەیشتنی تاک و کۆ، چەندین تەکنیک و میکانیزم هەن کە لایەنی پروپاگەندەکار دەبێ ڕەچاویان بکات.

یەکەم: چێوەی مەعریفە و هزرمەندی

کرۆکی ئەم چیوەیە لەوەدا ڕەنگدەداتەوە کە پروپاگەندەکار بەچەند تەکنیک و میکانزمێک، بەزمانێکی سادە و ڕوون قسەی خۆی دەکات و بەهیچ جۆرێکیش دان بەوەدا نانێت کە ڕاستیەکان دیوێکی تریشیان هەیە. **(Jacques Ellul, 1973)**. بەرچاوترینی ئەو تەکینکانەیش بریتین لە:

1 . دروستکردنی هەواڵی نیمچەڕاست یان هەڵبەستنی بابەتێک لەسەر بنەمای زانیاریی نادروست و تاکلایەن. هەروەها داڕشتنەوەی هەواڵ و بابەتی میدیایی بە جۆرێک کە تەنیا بەشێک لە ڕاستییەکان بخرێنەڕوو، ئەویتری بشاردرێنەوەو بێ دەنگییان لێبکرێت.

2 . تیگەیشتن لە ویست و نەوەیستی خەڵک بۆ گرتنەبەری کورتترین و مسۆگەرترین ڕێگەی گەیشتن بە میشک و دەروونیان **(War Department,1944)** لەڕیی ئەفراندنی دنیایەکی مەبەستدارەوە بە کەرەسەو توانستەکانی (زمان ) . واتا بە پشتبەستن بە توانستە بەرچاوو شارەوەو ئەفسونییەکانی ( زمان ) و پەنابردن بۆ بەکارهێنانی هەندێ ناوو سیفەت و دروشم و ئیدیۆم و قسەو پەندی پێشینانی کاریگەر، چونکە مرۆڤەکان لەسەر ئەوە ڕاهاتوون کاتێ وشەو دەربڕینەکان دەبیستن ، گورج بەبێ تێفکرین و لێکدانەوە، وێنەی بوونێکی بەرجەستەو ڕاستەقینە دێتە بەرچاوو زەینیان. بەو هۆیەوە لایەنی پروپاگەندەکار دەتوانێ لەماوەیەکی کورتدا بە کاریگەریی ئەفسوونی زمان و دەربڕینەکانی ، گەمارۆی هزرو دەروونی وەرگر بدات و بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

3 . بەردەوام برەوو ڕەواجدان بە بیرۆکەی پیس وچەپەڵ. واتا فرێدانی دەستەواژەیەک یان ناوناتۆرەیەک بۆ ناو بازاڕی قسەو باسی ڕۆژانەی خەڵک و بەرۆژەڤکردنی بابەتێکی چەپەڵ و مەبەستدار، تا ئەو کاتەی زۆرینەی خەڵک گوێیان پێی ڕادێت و ئیتر وەک بابەتێکی ئاسایی بێ لێکدانەوە لەسەر زاریان دێت و دەچێت. پاشان پروپاگەندەکار ئەو دۆخە بۆ بەرژەوەندیی خۆی دەقۆزێتەوەو ناوبەناو لەکاتی پێویستدا ئەو بیرۆکەو ناوناتۆرە چەپەڵانە وەک پێشگرو پاشگر بۆ باسکردنی نەیارەکانی بەکاریاندەهێنێت و خەڵکیش بە ڕێسای (لێکچواندن و گرێدانەوە) بەگوێرەی ئەو ناوناتۆرانەی پێشتر زارو بیستنیان لەسەریان ڕاهاتوون ، بێ لێکدانەوەی نوێ، شوناس و ناسنامە دەبەخشن بەو کەس و لایەنانەی کە پروپاگەندەکار مەبەستێتی.

4 . گۆڕینی مەرجەعییەت : کاتێ کە پروپاگەندەکار بۆ هێنانەدیی ئامانج و مەبەستێکی خۆی بەنیازە بیرۆکەو هەڵوێستێکی نامۆو پەرگیرو دژەباو فرێبداتە ناو ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و بازاڕی ململانێی سیاسییەوە ، پێویستە بەر لەهەمووشت مەرجەعییەتی خەڵک بگۆڕێت. واتا بۆ ڕەواجدان بە ڕاوبۆچوونەکانی خۆی، پەنا دەبات بۆ تیشکخستنە سەر کەسانێکی ناسراوو نادارو خاوەن پلەوپایەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئاینی، هونەری و میدیایی، چونکە مسۆگەرکردنی پاڵپشتیی کەسانی ناوداری متمانەپێکراوی ناو خەڵک، یەکەمین مەرجە بۆ مسۆگەرکردنی مەیل و هەڵویستی زۆرینەی خەڵکی سادەو ساکار( سكري ،1991)، کە بێ چەندو چۆن و بێ لێکدانەوەی زۆر، خۆڕادەستی باس خواس و هەڵوێستەکانی پروپاگەندەکار دەکەن و دەبنە داشی دامەی ململانێیەک کە هیچ پەیوەندییەکی بە ژیانی ڕاستەقینەو بەرژەوەندییەکانیانەوە نییە.

دووەم: چێوەی سۆزو هەڵچوون

کرۆکی تێزی ئەم چێوەیە، بریتییە لەوەی پروپاگەندەکار لەڕێی چەند تەکنیکێکەوە بێ وچان لەهەوڵی ئەوەدایە کەسانی بەئامانجگیراو قایلبکات بەبێ لێکدانەوەو تێرامان، گریمانەو بۆچوونەکانی ئەم پەسەندبکەن و جۆرێک بیربکەنەوەو ڕەفتار بکەن کە جگە لە پاڵنەرێکی سۆزیاریی ئاراستەکراو، پێویستیان بە هیچ هۆکارێکی لۆژیکی نەبێت بۆ پەسەندکردنیان.**(War Department,1944)** .

بەرچاوترینی تەکنیکەکانی ئەم چێوەیەش بریتین لە :

1. ئامادەکردنی لیستێک بە خواست و مەترسییەکانی ئەو خەڵکەی بەئامانج دەگیرێن : بەر لەهەموو شت

پروپاگەنـدەکار بەرچـاو ڕوونییەکـی تەواوی هەیە لەبـارەی ڕیزبەنـدیی گرنگتـرین وبەرچـاوترین خواسـت و ئـاواتە هاوبەشەکانی خەڵک و تێگەیشتنێکی وردیشی بۆ گومان و مەترسـییە هـاوبەش و باوەکانیانشـیان هەیە. پاشـان پروپاگەنـدەکار دێـت و گرنگتـرین خواسـت ئاواتەکـانی نە لەناو دروشم و گوتارو دەنگ و ڕەنگی خۆیدا جێدەکاتەوەو مەترسییەکانیشیان دەداتە پاڵ ڕکابەرو نەیارەکانی خۆی. (غي دورندان، 2002، 20 )

2. ئەفسانەسازی: ئەم میکانزمە دوو سەرەیەو بەهەردوو دیـوی ئەرێنـی و نەرێنیـدا کـاری خـۆی دەکـات. بەلایەک چەنـدین سـیفەت و ئاکـاری ئەفسـانەیی دەداتە پـاڵ کەسـێتیی لایەنـی پروپاگەنـدەکارو دۆسـتەکانی و وەک فریـادڕەس و ڕەمـزی چاکەکـاری و هەڵگـری ئـالای خێـرو خۆشـی و یەکسانیخوازی، دەخرێنەڕوو" (بدر ،1977، 15).

بەلایەکەی تریشـدا ڕکـابەر و نەیارەکـان دەبـن بە ڕەمـزی شـەڕو نەهـامەتی و وەک ئەهریمەنێکـی بەرجەسـتە، دەخرێنە ڕوو. هەرچی زوڵـم و سـتەم و خراپەکـاری هەیە دەدرێتە پاڵیان. ئەم کارەش بە دوو قۆناغ دەگات بە ئەنجام : لە قۆنـاغی یەکەمـدا، کـار بـۆ دیتـنەوەی بەرژەوەنـدی و مەترسییەکی هاوبەش دەکرێت .

واتا لە پێشدا دەبێ پروپاگەندەکار هەوڵبدات خەڵک بێنێتە سـەر ئەو بـڕوایەی کە هەردوو لا ، ئەم و ئەوان ، هەم بەرژەوەنـدییەکی هـاوبەش و هەم دوژمنێکـی هاوبەشیشـیان هەیە، لەبەر ئەوەیە کە دەبـێ هەرچـی زووە لەسەر پلان و هەڵویسـت و بەرنامەیەکی هـاوبەش پێکبـێن. لە قۆنـاغی دووەمیشـدا، پروپاگەنـدەکار، هەوڵەکانی چڕ دەکاتەوە بۆ خرۆشاندن و وروژاندنی کینەو تـووڕەیی خەڵـک لەدژی ئەو دوژمـنە هاوبەشـە کە لەڕاستیدا نەیاری پروپاگەندەکارەکەیە نەک خەڵک، تـا ئەو ڕادەیەی ئەفسـانەی ئەهریمەنـی بەرجەسـتە، بەتەواوی لە دەروون و ویژدانیانـدا کـاری خـۆی دەکـات. ئەم تەکنیـکەش پشـت دەبەسـتێ بە دزێـوکردن و دێوانـدنی نەیارەکـان، لەڕێـی قەبەکردنـی خراپەکانیـان و بەیادهێنـانەوەی کـردەوەی ناشـیرین و زەرەرو زیانەکانیـان " R Hobbs, 2014"

3. تەکنیکـی هانـدان بـۆ لاسـاییکردنەوەو شـوێنکەوتنی ئـاپۆراو قەرەبـاڵخی. واتـا تاکەکـان رازیـدەکرێن بە لاسـاییکردنەوەی ڕەفتارێـک یـان بۆچوونێکی خەڵکـانیتر **(**Thomas and Robert,2011**)**، بەو پاساوەی ئەو ڕەفتارو بۆچـوونە بـۆتە مـایەی شـۆرەت و خۆشـبەختی و سـوودو قازانج بۆیان. پروپاگەندەکار بەم تەکنیکە بە ، تاک بە تاکی خەڵک دەڵێت : تۆ چیت لەو کەسانە کەمترە کە ناوبانگ و سوودیان بەدەسهێناوە ؟ خێراکە تۆش بڕیاری خۆت بـدەو شوێن پێی ئەوان هەڵگرە بـا تـۆش وەک ئەوان خۆشـی و قازانجت پـێ بگـات، بـا تـۆش وەک ئەوان ببیـتە پـاڵەوانی سەر شاشەو قارەمانی ناو سۆشیالمیدیا ! بۆ تـاکی کەم ئەزموون ئەوانەی جۆرێک لە بێ بەشـی و نـادادپەروەری ڕووی تێکردوون ، هەموو ئەوانەی گرفتی دەروونی و گرێی خـۆ بەکەم زانینیـان هەیەو پاریزبەنـدیی پەروەردەیـی و هزرییـان زۆر لاوازە ، ئەو جـۆرە پەیامـانە دەبـنە هانـدەرو پاڵنەرێکی زۆر بەهێز، بەجۆرێ کە بێ لێکدانەوەو تێرامـان، دەیانکـاتە لاسـاییکەرەوەیەکی ئـاپۆراو قەرەبـاڵخی و قوربـانییەکی تـری گەمەو بەرژەوەنـدییەکانی پروپاگەندەکارانی سیاسی، بازرگانی ، ئایینی.

4. تەکنیکی جیاکاری لەڕیی هەندێ وشەی دڵخۆشکەرو پیاهەڵدان و پەسن کـردنەوە، خزمەتێکـی زۆر دەگەێنـێ. **(James Combs,1993)** لەم تەکنیکەیانـدا پروپاگەنـدەکار بە وەرگری پەیام (تاک بـێ یـان کـۆ) دەڵێت: ئەگەر (تـۆ - ئێوە) دەسپێشـخەری بـکەن و فڵانە هەڵوێسـت بنـوێنن، ئەوا دڵنیـابن کە زۆر (دەگـمەن)و (سـەرنجڕاکێش) و (بـاڵکێش) و(مەزن) و (هەڵکەوتـو)و (سـەرکەوتوو) دەبـن ،دەبـنە کەسـانێکی زۆر جیـاوازو زۆر تـایبەت و (ڤـی ئـای پی!) چونکە ئێوە جیاوازن و هەموو کەس وەک ئێوەی پێ ناکرێ.

5. تەکنیکـی بـژاردەی ڕەش و سـپی : پروپاگەنـدەکار بەم تەکنـیکە خەڵـک دەخـاتە بەردەم دووریـانێکەوەو هـیچ ڕێگەیەکی سێهەمیان بۆ ناهێڵێتەوە. یان ڕەش یان سـپی ! تەنـانەت زۆرجـار هەمـوو قۆناغەکـانی بیرکـردنەوەو هەنگاوەکـانی هەڵوێسـت وەرگـرتنیش زۆر بەسـادەیی دەخـرێنەڕوو. لەم دۆخەدا، لایەنـی پروپاگەنـدەکار گـورج لەبریـی خەڵـک بیردەکـاتەوەو بڕیـاریش دەدات و خەڵکـی سـادەیش جـگە لە پەسـەندکردن و هوتافکێشـان و جێبەجێکردن، دەرفەتی هیچ بژاردەیەکی تریان بۆ نامێنێ.

باسی دووەم :

ڕۆڵی ( تێگەیشتنی ڕاستی ) لە پروپاگەندەی سیاسـیی بەریتانیدا

**یەکەم ــ تێگەیشتنی ڕاستی، چی و کەی و چۆن ؟**

لە سەرەتای سـاڵی 1918 دا، کـاتێ کە بەریتانییەکـان کەڵـکەڵەی هەڵکشـان بەرەو بـاکووری میزۆپۆتامیـاو کوردستانیان کەوتە سەر، دەبوایە زمانحاڵ و بڵندگۆیەکیان هەبێ بـۆ پەخش و وەشـاندنی پروپاگەنـدەی سیاسـیی لەبەرژەوەندیی نەخشەو پلانەکانی خۆیان و دژ بە نەیارە تورکەکانیان . ( تێگەیشـتنی ڕاسـتی )ئەو زمانحـاڵە بـوو . نیمچە هەفتەنامەیەکی کوردی بوو، فەرماندەی گشـتیی لەشکری ئینگلیز لە بەغدا دەریدەکرد، لە ساڵی 1918 تا 1919 ، بەردەوامیی هەبوو.

( تێگەیشتنی ڕاسـتی )"بەزمـانی کـوردی و بەڕێنووسـی فارسی و بە حەرفی عەرەبی بە 4 لاپەڕە و بەقەوارەی

36 X 24 سم دەرچووە. لە گەردنی هەموو ژمارەکانیدا نووسراوە : "ڕۆژنامەیەکی سیاسی و ئیجتیماعی و خادیمی یەکبوون و سەربەستی کوردانە " بەهەمووی 67 ژمارەی لێ دەرچووە (مستەفا،2013، 124). تێگەیشتنی ڕاستی ، بە یەک ئانە دەفرۆشرا، کە دەیکردە 4 فلس.

تەمەنی تێگەیشتنی ڕاستی ، ساڵێک و 26 ڕۆژ بوو. لەو ماوەیەدا 67 ژمارەی لێ دەرچووە بەڵام دوایین دانەیان ژمارە 65 ی لەسەرە چونکە هەریەکە لە ژمارە 20 و ژمارە 21 دووجار وەک ژمارەی ڕۆژنامەکە دانراونەتەوە . هەموو ئەم ژمارانەی ( تێگەیشتنی ڕاستی )کاتی خۆی لەلایەن ( قەشە ئەنستاس ماری کەرمەلی) یەوە پارێزراون و ئێمەش وێڕای هەبوونی کۆپیی گشت ژمارەکان کە بنکەی ژین چاپی کردوونەتەوە، کۆپییەکی Pdf ی هەموو ژمارەکانمان لە سایتێکی ئەلەکترۆنیی تایبەتمەندەوە "www.wdl.org" دەست کەوت و داونلۆدمانکردن بە مەبەستی خویندنەوەو شیکردنەوەی ناوەڕۆکەکانیان.

بەگوێرەی دکتۆر کەمال مەزهەر، دوو کەس ڕۆڵی سەرەکەییان دیوە لە دەرکردنی تێگەیشتنی ڕاستی دا، ئەوانیش بەبێ ئەوەی بەڕەسمی ناویان هاتبێ : (مێجەرسۆن و شوکری فەزڵی) بوون. " پەنام بردە بەر زۆر کەسی شارەزاو خوێندەواری کوردی ئەو سەردەمە. هەر لەو بارەوە نامەیەکی تایبەتیم بۆ مامۆستا تۆفیق وەهبی نارد بەڵکو ئەوو ئەدمۆنس بتوانن یاریدەیەکم بدەن" پاشان پڕگەیەکی وەڵامنامەکەی مامۆستا وەهبیی بڵاوکردۆتەوە : "جوابی ئەو کاغەزەی ناردبووم بۆ میستەر ئەدمۆنس هاتەوە. میستەر ئەدمۆنس دەڵێ : تێگەیشتنی ڕاستی ، ئۆرگانی پڕوپاگەندەی سیاسیی بەریتانی بوو، میستەر سۆن سەرپەرشتیی دەکرد...... دەشێ شوکریلفەزڵی یەکێ بووبێ لە سەرەک نووسەرەکانی.." (مەزهەر، 1978، 111).

هەروەها لە " www.wdl.org" یش هاتووە کە لەسەر رووپەڕەکانی ( تێگەیشتنی ڕاستی )ناوی هیچ سەرنووسەرو دەستەی نووسەرانێک نابینییەوە. بەڵام ئەوە ساغ بۆتەوە کە (مێجەر سۆن ) ی کوردیزان و کوردناس، سەرنووسەرو سەرپەرشتیاری ( تێگەیشتنی ڕاستی ) بووەو نووسەرو شاعیری کوردی ناودار (شوکری فەزڵی) یش یاریدەدەرو هاوکاری بووە.

ئینگلیز پلانی ئەوەی داڕشتبوو لە بەغداوە بەرەو باکوورو ویلایەتی موسڵ ( کوردستان ) مل بنێ و زۆرترین ڕووبەری زەویی ستراتیژی لەو ناوچانەدا داگیربکات، بۆ ئەو مەبەستەش دەبوایە سەرەک خێڵ و گەورە پیاوانی کورد بەلای خۆیدا ڕابکێشێ و ئەو گەمەو بەزمەی دووساڵ پێشتر بە هۆزە عەرەبەکانی حیجازو بەسرەوە خوارووی عێراقی کردبوو، ئەمجارە بە هۆزە کوردەکانی بگێڕێ ! بۆ ئینگلیز وا باشتر بوو بەر لە هاتنیان، زەمینەسازییەکی ئەوتۆ بکەن کە بەکەمترین زیان بگەنە کوردستان .

دووەم - تەکنیکەکانی پروپاگەندەی سیاسیی بەریتانی لە ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) دا :

پروپاگەندەی سیاسی لەستراتیژو بەرنامەی ئینگلیزدا لە ماوەی ساڵانی یەکەمین جەنگی جیهانیدا ، بەهایەکی یەکجار زیاتری لەجاران بۆخۆی بچڕی. لەم بارەیەوە (لوید جۆرج) ی سەرەک وەزیرانی ئەوسای ئینگلیز لە یاداشتەکانیدا نووسیویەو دەڵێ : " زانیمان دەتوانین تواناکانی دوژمن لە ڕێگەی کەڵک وەرگرتن لە ناڕەزایی گەلانی ژێر دەستییەوە هەڵتەکێنین. بۆ نموونە سەدان ساڵی چەوساندنەوە، ژیانی پێکەوەیی عەرەب و تورکی کردبووە مەحاڵ ". لەجێیەکی تری ئەو یاداشتانەیدا ( لوید جۆرج ) نووسیویە : " پڕوپاگەندەی هەردوولا لەم شەڕەدا، دەوری گەورەتری لەجاران بینی. بەلایەنی کەمەوە وەک نموونە دەتوانم باسی بەڵێنە ئاشکراکانی وڵاتە هاوپەیمانەکان بکەم دەربارەی نیازیان بۆ ئازادکردن و داننان بەمافی چارەنووسی گەلە ژێردەستەکانی تورکیاو ئەڵمانیاو نەمسای دوژمنماندا.. ئێمە دەمانزانی باسی ئازادی وەک یەکێ لەمەبەستەکانمان یاریدەمان دەدا بۆ تێکدانی شیرازەی یەکیەتیی وڵاتە ناحەزەکانمان و لەوەشدا بە هەڵەدا نەچووین" **(مەزهەر ،1978، 100).**

"پڕوپاگەندەی سیاسی دوو جۆری بنەڕەتیی هەیە، پڕوپاگەندەی ستراتیژی کە ئامانجی دوورمەودای هەیەو هەڵمەتی بەرنامەڕیژی بۆ بەرپادەکرێت ، پڕوپاگەندەی تاکتیکییش کە ئامانج لێی چەند دەسکەوتێکی کاتی و دیاریکراوە." ( ابو اصبع 2005 ،331).

تێگەیشتنی ڕاستی ، هەر لە یەکەمین ژمارەیەوە ، درێغیی نەکردووە لە پیاهەڵدان بە شانوباڵای ئینگلیزو بەدناوکردنی تورکانداو وەک هەر ئامرازو ماشێنێکی ماس میدیاو پروپاگەندەی سیاسی، پەنای بۆ هەردوو جۆری سەرەکیی پروپاگەندەی سیاسی بردووەو لە چەندین سەروتارو بابەتی جیاجیادا، پەنای بردووە بۆ تێکەڵەیەک لەو تەکنیکانەی ئەو سەردەمە باو بوون و نووسەرەکانیشیان چاک زانیویانە لەکام دەروازەوە بەخێراترین ماوە پەیامی ئینگلیز بە هزرو دەروونی مرۆڤی کورد بگەیێنن. ئەوەندەی توێژینەوەیەکی لەم جۆرە ڕێمان پێدەدات، هەوڵدەدەین نموونە بۆ پەیرەوکردنی چەند جۆر تەکنیکی پروپاگەندەی سیاسیی بەریتانی لەم ڕۆژنامەیەدا، بە شیکردنەوەوە بخەینەڕوو.

1. تەکنیکی گەمارۆدانی هزرو دەروون :

پرۆپاگەنــدەکاری سیاســیی بەریتــانی لە رۆژنــامەی تێگەیشــتنی ڕاســتی دا، لە ڕێــی زمــانێکی شــیرین و پەلکێشکەرەوە پەیمان و بەڵێن بە کوردان دەدات کە بەم زوانە "نائیلی حقوقی خۆیان دەبن و ئیشی سەربەخۆبوونیان بۆ ئاسان دەکرێ" . قۆناغ بە قۆناغ گەمارۆی هزرو دەروونی کۆمەڵگەی کوردیی داوە تا ئامادەیان بکات بۆ قبووڵکردن و پێشوازیکردن لە سوپای بەریتانی . تێگەیشتنی ڕاستی لەژێر تایتڵی یەکەمین ژمارەیدا، لە ڕۆژی 1918/1/1 دا ، نووســیویێتی : " مەسلەک . ( تێگەیشتنی ڕاستی ) خدمەتی یەکبوون و سەربەستی و سەرکەوتنی کوردان ئەکا، ئەمڕۆ هەموو ئەقوامی عالەم خەریکی بەجێهێنانی ئەم ئومێدە موبارەکەن و گەلێکیان لەپاش کۆششێکی پیاوانە پێی گەیشتن. هەر فیکرێ کە بەتەرازوی علم و عەقڵ نەپێورابێ عەرضی ناکەین.هەر ئیشێ کە بەتاقیکردنەوە چاک دەرنەچووبێ کردنی ڕەوا نابینین. بەدڵێکی صاف بە ڕوحێکی پاک هەرچی بە عەمەلی کوردی برایان بێ ئەیلێین و ئەینوسین و هەمیشە مەردیی ئەوان و یاریی حکومەتی موعەظەمەی بەریتانیا ئومێد دەکەین . خوا ڕاوەستاومان بکا دا بەئارەزوی خۆمان شادبین" ( تێگەیشتنی ڕاستی،1).

لە ســەروتاری ژمــارە 1 دا، لەژێــر ســەردێری : "چاکەی حکومەتی موعەززەمەی بەریتانیا بۆ عێراق" نووســیویێتی: " لەم شەڕە عالەمگیرەدا لەهەموو لا نەوجەوانێکی زۆر بەکوشتن درا، کە بەڕاستی قووەتی ئەژنۆو هێزی دەستی بەختیاریی ئایندەبوون، لەبەر ئەمە ئەم وڵاتە خەفەتبارە هەمووڵایەکی لە زۆریی هەتیوانی هەناسەساردو بێوەژنانی بێ کەس وەدەر هەمیشە دەگریا،..." پاشــان بەدرێژیی باســی "زەوی وزارو باخی بێ خاوەن" و "گرانی و هەژاری و بێ دەرەتانیی" و "بێ شێو سەرنانەوەی خەڵکی عێراق" و "بێ ئیشی و بێ بازاڕی " دەکات.. لێرەدا بە ڕوونی تەکنیکی گەمارۆدانی هزرو دەروونی خوێنەر بە وشەو دەربڕینی کاریگەر دیاردەکەوێت. لەلایەک کارەساتەکانیان بەیاد دەهێنێتەوەو لەلایەکیش دەروونیان دەهەژێنێ و ئامادەیان دەکات بۆ قبووڵکردنی تەکنیکی دواتر. ئینجا دەڵێ : "عێراقییە بێچارەکان بەدەست ئەم هەمووە شەڕو شۆڕەوە دەیانناڵاند کەچی " حکومەتی ئیتحادییەی تورکیە دەیبیست و گوێی نەدەدایێ. دەمێ لە زەوق وسەفای خۆی نەکەوت. چونکی لەلای وابوو کە خۆی بە مردنی عێراقییەکان زیندوودەبێتەوە."

پروپاگەنــدەکار لە تێگەیشــتنی ڕاســتیدا ، کــاتێ کە تەکنیکی گەمارۆدانی هزرو دەروون پەیرەودەکات پشت بە جــادووی زمــان و کــاریگەریی ســۆزداریی وشــەو ڕســتە دەبەستێ :

| | |
|---|---|
| بەریتانیا | حکومەتێکی زۆر مەزنە. |
| حکومەتی تورک | بێ وێژدانەو خەریکی کەیف و خۆشیی خۆیانن. |
| خەڵکی عێراقی | برسی و بێ کارو هەناسەساردن. |
| گەنجی عێراق | بەکوشت دەدران . |
| خاکی عێراق | بێ خاوەن و بێ بەرهەمە. |

2. تەکنیکی ئەفسانەسازیی( ئەرێنی و نەرێنی)

تێگەیشــتنی ڕاســتی هەنگاودەنێت بــۆ جێبەجێکردنــی بەشێک لە تەکنیکی ئەفسانەسازی، واتا دروستکردنی دوژمنێکی هاوبەش بۆ کورد و خەڵکی عێراقی عەرەبی : " دەیانویست عەرەب و کوردو ئەرمەنی جولەکەو نەصارا هەموو بەکوشت بدەن و تەنها قەومی تورک بمێننەوە دا یەک دڵ بن تۆڕان بگرن و حکومەتێکی گەورە بهێننە ناوەوە ....." لە ســەروتاری ژمارە 13 دا، بە هەمان نەفەس نووسویەتی : "حکومەتی ئینگلتەرەو فەرەنسەو ڕوسیا لەبەر خاتری موسلمانان بە حوکمەتی تورکیان گوت تۆ شەڕ مەکەو بێ تەرەف بوێستە ئێمە هەرچی چاکە دەرحەق بە تۆ ڕەوای دەبینیین. ئەمما ئیتحادییە تورکەکان چونکە ئارەزویان ئەمە بوو کە عەرەب و کورد لەناو بەرن و هەر خۆیان بمێنن گوێیان لەم قسانە نەگرت ..." ( ت. ڕاستی.13 ) .

لە ســەروتارێکی تــردا بەناونیشــانی " تورکە ئیتحادییەکان چییــان بە ئیســلام نەکــرد " بەردەوام دەبێــت لەســەر پەیرەوکردنــی تەکنیکــی ئەفســانە ســازی و بەرجەستەکردنی دوژمنێکی هاوبەش هێرشێکی توند دەکاتە سەر حکومەتی تورک و بە " جەمعییەتی بێ سەرو پای جاهیل کە تائێستا بە صورەتی جمهورییەتی غەیرە ڕەسمییە ئیدارەی حکومەتی تورکیا دەکەن وە لە شەریعەتی موقەددەسەی ئیسلامیە تەواو قەطعی عیلاقەیان کردووە" ناویان دەبات . بەو جۆرە هەوڵێکی نەپساوە دەدات کە دوژمنە هاوبەشەکە وەک ئەهریمەن و دژە دین و دژە شەرع بەرجەستەبکات تا خەڵکی سادەو ساکاری موسڵمانی کورد ڕقیان لەو دوژمنە بێتەوەو بچنە بەرەی ئینگلیزەوە کە ڕزگارکەری موسڵمانانە. " حکومەتی تورک ئەمڕۆ هیچ قیمەتێکی دوەلییەی نیە، بەدەست ئەڵمانیاوە وەک داشی دامە حەرەکەت دەکاو عادەتەن

تابعی ئەوە، ئەڵبەتە عەرەب و کورد ئیتر مەیلی حکومەتێکی وا جاهیل و بێ دەسەڵات ناکەن. زاتەن لەبەر ئەمە کە عولەمای مەککە خەلافەتیان لێ نەزع کرد قیمەتێکی دینیشی نەما، عەرەب لە مەککەی موشەڕەفە ئیعلانی ئیستقلالیان کرد جەلال مەئاب مەلیک حوسەین ئەمڕۆ لەگەڵ تورکەکان لە حەربدایە. کوردەکانیش چارەیەکی سەری خۆیان بکەن چاکە. چونکە حکومەتی بەریتانیای عوزما موحیبی کوردە " ( ت .ڕاستی. 31 ).

پرۆپاگەندەکاری سیاسی دەست بۆ دیوێکی تەکنیکی ئەفسانەسازی دەبات، بەم جۆرە دەرپرینانە خەریکی دروستکردنی دوژمنێکی هاوبەشە :

| | |
|---|---|
| تورکی<br>عوسمانی<br>و<br>تورکی ئیتیحادی | * هەر دوژمنی بەریتانیا نین بەڵکو دوژمنی ئیسلام و موسڵمانانیشن.<br>* داشی دەستی ئەڵمانن.<br>* خەلافەتی ئیسلامیان لێ سەندرایەوەو لەدنیادا سووک و بێ بەها بوون.<br>* پەیوەندییان بە شەریعەتی ئیسلامەوە نەماوەو ( کافرن !).<br>ئامانجیشیان :<br>* بۆ هەمیشە مانەوەی خۆیان و زوڵم و ستەمە.<br>* کوشتن و لەناوبردنی عەرەب و کوردو ئەرمەنی و جولەکەو مەسیحییە. |

لە هەواڵێکیشدا بە ناونیشانی : ( ڕۆژنامەی القبلە) بۆ خولقاندنی (ئەفسانەی ئەرێنی) درێژە بە هەمان هەوڵی وەبەرهێنان دەدات لە بابەتی دینداریداو دەنووسێ : " ئەم ڕۆژنامەیە ــ مەبەستی القبلة یە ــ لە پایتەختی حکومەتی تازەی عەرەب کە مەککەی موکەڕەمەیە، دەردەچێ، ئەڵێ دوو کەس لە ئینگلیزەکان بوون بە موسڵمان ، ١ـ مستەر لترل جەی تووارد، ناونرا جمال الدین . ٢ـ مستەر جێکسن، ناونرا سەعدی ئەحمەد . وە یەکێ لە بەلجیکیەکان ، میسیۆ لۆریت ، ئیسلامییەتی قبوڵ کردو ناونرا عبدالله " ( ت. ڕاستی.4 ). پێ دەچێ ئەم هەواڵە لە بنەڕەتەوە ، واتا هەر لە ڕۆژنامەی (القبلة) وە هەڵبەسراو بێ و ئامانج لێی ڕاکێشانی مەیلی موسڵمانان بووبێ بۆ لای داگیرکەران و تێگەیشتنی ڕاستییش گورج بە کوردی موسڵمانی فرۆشتۆتەوە، یان ئەوەتا لە لایەن ستافی تێگەیشتنی ڕاستییەوە هەڵبەسراوە.

لە ژمارە 4 دا بە (تەکنیکی ئەفسانە سازی ئەرێنی) ، ئینگلیز دەکاتە فریادڕەسی میللەتان و ڕایدەگەیێنێ کە ئەوان ئەم جەنگە بەرفراوانەیان تەنیا بۆ ڕزگارکردنی میللەتانی خۆرهەڵات هەڵگیرساندووەو هیچ تەماعێکیان لە خاک و ئاوی میللەتاندا نیە : "حکوومەتی موعەززەمەی بەریتانیا شەرقی بۆ شەرقیەکان دەوێ، ئەم حەربە گەورەیە بۆ سەربەست بوونی ئەقوامی موختەلیفەی عەرەب و کوردو ئەرمەن دەکا. بۆ خۆبەخۆ ژیانی هەموو ئەقوام سەعیەکی تەواوی ئیختیار کردووە " ( ت. ڕاستی.4 )

لە سەروتارێکدا بەناونیشانی : "ئینگیلتەرا و ئیسلام" هەوڵی دێواندنی تورک و ئەڵمان دەدات و ئینگلیزیش وەک فریشتەو فریادڕەسی کورد وعەرەب و هەموو موسڵمانان دەخاتە ڕوو : " ئەوەی تەماشای تەئریخ بکا دەبینێ کە حکومەتی موعەززەمەی ئینگیلتەرا گەلێ جار بە فریاد ئیسلام گەیشتووە، حکومەتی تورکی چەند دەفعە لەبەر خاطری موسڵمانەکان لە مردن خەلاص کردووە...... هەرکەس چاک دەیزانێ کە ئەڵمانیا تا ئەمڕۆ بۆ موسڵمانان خێرێکی نەبووەو دائیما بۆ مەحوی موسڵمانان خەریکە، لەم شەڕەدا حکومەتی تورکی تەفرەدا و گەلێ موسڵمانانی بێگوناهی بە کوشتن دا. حکومەتی ئینگیلتەرا عێراقی گرت و عەسکەرو ضابطی کوردو عەرەبی سەربەست هێشت. ئەگەر وەکوو وتمان موسڵمانەکانی خۆشنەویستایە هەموویانی ئەسیر دەکردو دەیناردنە جێی دوور یاخود بەخۆڕایی ئیشی پێ دەکردن. مەرحەمەت هەر ئەمەندە دەبێ چونکە چاک دەزانێ کە عەرەب و کورد بەدەست حکومەتی تورکەوە زۆر پەرێشان بوون. ئەمما حکومەتی ظالمەی ئەڵمانیا تا ئێستا هەر ئەسیرێکی کە گرتبێ بە خۆڕایی لە خەطی حەربدا ئیشی پێ کردووەو زەلیل ڕایگرتووە، بێ ئینصافی هەر ئەوەندە دەبێ." ( ت. ڕاستی. 13 ). لە تەکنیکی ئەفسانەسازیی ئەرێنیدا ، هەوڵی جوانکردنی ئینگلیز دەدات لە دیدو زەینی کوردی موسڵماندا:

| | |
|---|---|
| بەریتانیا | * دوو ئەفسەریان بوون بە موسڵمان.<br>* بۆ سەربەستیی عەرەب و کوردو ئەرمەن شەڕدەکات.<br>* گەلێ جار بە فریای ئیسلام گەیشتووە<br>* سەربازی کوردو عەرەب بە دیل ناگرێ و ئازادیان دەکات |

لە درێژەی بەکارهێنانی تەکنیکی ئەفسانەسازیدا، تێگەیشتنی ڕاستی بێ وچان خەریکی ڕازاندنەوەو بە قارەمانکردنی ئینگلیزو نائومێدکردنی کوردان بووە لە تورک: " چارەی کورد ئەمڕۆ، وەک عەرەب، بەحکومەتی موعەززەمەی بەریتانیا پشت بەستنە، چونکە چاوی لەماڵ و موڵکی

کەس نیە، ئارەزوی ئازادکردنی ئەقوامە، حکومەتی ئەمریکا دەستنێژی ئەوە، کەنەدەو ئێرلەندەو میسرو هیندستان لەسایەی ئەوا زۆر چاک سەربەست ئەژین. لەتورکیا، بەتەمای دڵخۆش بوون، شێتییە ئەی کوردی برایان " (ت. ڕاستی.2 ). " ئینگلیز کە قەومێکی عادلن هەڵبەتە سەعادەتی کوردیشیان دەوێ. ئیستیناد بەتورک کردن خەتایەکی گەورەیە ." ( ت. ڕاستی.11 ) . " ئینگلیز لەهەموو قەومێک زیاتر دۆستی کوردانن، عاشقی شوجاعەتی ئەوانن، دلێریی کوردانیان چاک بیستووە لەبەر ئەمە زۆریان خۆش ئەوێن" (ت.ڕاستی.17). "ئەمەلمان هەیە کە قەومی کورد بەقسەی درۆی تورک تەفرە ناخۆن و دەست ئەدەنە دەستی ئینگلیزو خۆیان لە زوڵمی تورکان ڕزگار دەکەن و خەریکی ئیعماری مەملەکەتی خۆیان دەبن. " ( ت. ڕاستی.28 ).

| | |
|---|---|
| بەریتانیا | * دەزانن کە عەرەب و کورد بەدەست حکومەتی تورکەوە زۆر پەرێشان بوون.<br>* جێی متمانەیە و پێویستە پشتی پێ ببەستن.<br>* حکومەتی ئەمریکاو کەنەدەو ئێرلەندەو میسرو هیندستانی دروستکردووەو لەسایەی ئەودا بەسەربەستی ئەژین.<br>* دادپەروەرەو بەختەوەریی کوردی مەبەستە.<br>* لەهەموو نەتەوەیەک زیاتر دۆستی کوردانن، عاشقی ئازایەتییانن و زۆریان خۆش ئەوێن. |

شێوازێکی تری پیادەکردنی تەکنیکی ئەفسانەسازیی ئەرێنی کە تێگەیشتنی ڕاستی، پەنای بۆ بردووە ، فووکردنە گیانی خێڵایەتی و وروژاندنی هەست و غیرەتی عەشرەتگەری بوو لەناو سەرەک خێڵە گەورەکانی کوردو دەس و پێوەندەکانیاندا، شێوازێک کە تەنیا بۆ کۆمەڵگەیەکی خێڵەکیی نەریتخوازی وەک کوردو عەرەبی ئەو سەردەمە لەبارو گونجاو بووەو پروپاگەندەکاری ئینگلیز زۆر زیرەکانە درکی پێکردووەو لەو هەڵمەتی پروپاگەندە سیاسییەیدا وەبەرهێنانی تیداکردووە : " شێخان لە هەموو کوردستاندا شۆرەتی ئازاییان هەیەو هیچ وەختێ لە حکوومەتی تورک نەترساون.... عەشیرەتی گەورەی جاف وجودی حکوومەتی تورکیان لەلا نییە .... ئاغایانی پژدەرو مەنگوڕ، حکوومەتی تورک بەتۆپ و عەسکەرێکی زۆرەوە دەرەقەتیان نەدەهات.... زەنگەنەو تاڵەبانی و شوان و شێخ بزێنی، زۆر شەجیعن. بەگزادەی باجەلان لە تاریخدا ناویان گەورەیە! " (ت. ڕاستی.13 ).

3. تەکنیکی گۆڕینی مەرجەع :

لەبەر ئەوەی تێگەیشتنی ڕاستی بەگومان بووە لەوەی هەرچییەک بڵێ ڕەنگە کورد گوێی پێ نەدا، چونکە کوردان زۆر بە سادەیی بیردەکەنەوەو مەرجەعیان بۆ متمانەو پرواهێنان بە هەر بابەتێک و بڕیاردانیان لەسەری داب و نەریت و فەتوای مەلایان و شەرع بووە ، بۆیە شارەزایانە دەستی بۆ تەکنیکی گۆڕینی مەرجەع بردووە و شاعیرانی هەرە گەورەو ناوداری کوردی کردۆتە مەرجەعی نوێ ! بۆ نموونە ، دێڕە شیعرێکی حەزرەتی نالیی ، وەک پاڵپشتییەک بۆ خواستی لەناوچوونی ئەو دوژمنە هاوبەشە زاڵمە، دێنێتەوە ، بەو هیوایەی سەرنجی خوێنەری کورد بەلای ئەم مەرجەعییەتەدا ڕابکێشێ : " ت. ڕاستی.1 "

( ئەی جامعی دنیاو قیامەت بەخەیاڵات
ئەو ڕۆژە کە ڕۆیی، نە ئەوت بوو ،نە ئەمت بوو ) !

تێگەیشتنی ڕاستی نیازی بووە بە کورد بڵێ : ئەوە حەزرەتی نالییە کە فەرموویە، تورکان کە خۆیان ئامادەکردبوو ببنە خاوەنی دنیاو قیامەت، وا ڕۆژیان بەسەردەچێ و نەئەم دنیایان دەمێنێ و نە ئەو دنیاش بەدەستدێنن !. ڕاستییەکەیشی ڕوونە کە ئەو دێڕە شیعرەی حەزرەتی نالی، لەدوورو نزیک پەیوەندیی بەو نیازو مەبەستەی ئینگلیزەوە نەبووەو هاوزەمانی ئەو ڕووداوانەش نەبووە. بەڵام پروپاگەندەکاری سیاسیی ئینگلیز زۆر زیرەکانە وەبەرهێنانی تێدا کردووەو ملی باداوە بۆ خزمەتی نیازو مەبەستی خۆی. بۆ هەمان ئامانجی گۆڕینی مەرجەع ، لە کۆتایی وتارێکدا پەنا بۆ دێڕە شیعرێکی شێخ ڕەزای تاڵەبانی دەبات کە فەرموویە :

" خودا وەقتێ کە خەطکا بەندەێکی خۆی بکا خۆشنود
لە ڕێگەی دوورەوە بۆی دێ بە پێی خۆی شاهیدی مەقصود . " !

هەڵبەتە ئەم دێڕە شیعرەی شێخ ڕەزاش لە دۆخێکدا نووسراوە کە هیچ پەیوەندیی بە هاتنی ئینگلیزەوە نییە، بەڵام پروپاگەندەکاری ئینگلیز لێهاتووانە بەهەمان نیازی گۆڕینی مەرجەع و بە ئامانجی هاندانی کورد، گەورە شاعیرێکی کورد دەکات بە شاهێدی ئەو ڕاستییەی کە خودای گەورە نەخشەی خۆشنوودیی کوردی کێشاوەو خواستی بووە لە ڕێگەیەکی زۆر دوورەوە ئینگلیز زەحمەت بکێشن و بەپێی خۆیان بێن کوردان لەدەس تورکی ستەمکار ڕزگاربکەن. پاشان دەکەوێتە هاندانی کورد کە ئیتر هەر ئێوە ماون ، پێشوازی لەو شاهیدە مەقصودە بکەن

کە خودا لەڕێگەی دوورەوە بۆی ناردوون : " لەم ناوەدا هەر کورد ماوە کە هێشتا لەژێر باری ظولمی تورکە ئیتحادییەکان دەناڵێنێ، ئەمەلمان هەیە پیاوی ئاقڵیان قسە بکەن بەیەک و بۆ خەلاصی ئەم قەومە چارەیێ بدۆزنەوە.... ئەوەی لازمە وتمان کوردان دەبێ بۆ ڕزگاربوون تێکۆشن"

تێگەیشتنی ڕاستی، لەهەوڵێکیدا بۆ نیشاندانی نیازپاکیی ئینگلیزو لە درێژەی پیادەکردنی تەکنیکی گۆڕینی مەرجەع دا، لە دوو ژمارەی بەدوای یەکدا چەند بەیتێکی لە قەسیدە بەناوبانگەکانی حاجی قادری کۆیی بڵاوکردۆتەوە :

" ئەگەر کوردێک قسەی بابی نەزانی
موعەییەن دایکی حیزە و بابی زانی " ( ت. ڕاستی.23 )

" تا یەک نەکەون قەبیلەی ئەکراد
هەروا ئەبنە خەرابە ئاباد
ئەنواعی میلەل لەگەورە و بچوک
خەملیوە مەمالیکی وەکو بووک "
"حاجی سا بەسیە صەد هەزار دەفعە
پێم گوتیی ئەم قصانە بێ نەفعە
رۆژی ئەووەڵ لە بەندەو ئازاد
خزمەتی خەڵقە قیسمەتی ئەکراد " ( ت. ڕاستی.24 ).

کە پروپاگەندەکار دێتە سەر شیکردنەوەی دێرەکانی ئەم دوو قەسیدەیەو دەنووسێ : " ئەگەر کوردێکی عاقڵ بە دیقەت تەماشای ئەم دوو مەنزوومەی حاجی قادر بکا هیچ وەختێک لە یارییەدانی قەومی پاش ناکەوێ ... ئەمەلمان هەیە کە جەوانانی ئازاد و قەوم پەروەری کورد، لە موستەقبەلێکی نزیکدا بۆ بڵندیی قەومی خۆیان سەعی بکەن ... ئەم مەسەلانەش هەر ئەحراری قەوم دەتوانن سەعیی بۆ بکەن "بە قەسیدەیەکی تریش جارێکیتر حاجی قادری کۆیی دەکات بە مەرجەع:

" ئەگەر وەک من خەبەردار بی لە دەوڵەت
لەحەیفان خۆت دەخنکێنی بەبێ پەت
چوار ملیۆنە کوردستان، نفووسی
بە قسەی ، ئەهلی تەخمین کە نووسی "

لەهەڵسەنگاندنی ئەو قەسیدەیەشدا دەڵێت : " ئەوی تەماشای ئەم مەنزومەیە بکا بێ ئیختیار مەغلوبی حیسیاتی قەومی و وەتەنی دەبێ .... هیچ شوبهە نیە کە جەوانانی موستەقبەلی کورد، حاجی قادر، موقابیلی کەمال بەگی تورک و ئەمسالی دەگرن و بە موهەییجی حیسیاتی وەتەنی و قەومیی دەزانن "( ت. ڕاستی.25 ).

4. تەکنیکی هاندان بۆ لاساییکردنەوەی ئاپۆرا :

پروپاگەندەکاری ئینگلیز تەکنیکی هاندان بۆ لاساییکردنەوەی ئاپۆراو خەڵکی تر خستۆتە گەڕ، سەرنجی تاکی کورد بۆ ئەوە ڕادەکێشێ کە خودا بە ڕەحمی خۆی لەو بارە نالەبارەدا حکومەتی بەریتانیای عوزمای بۆ عێراقییە بێ چارەکان رەخساندو تورکیان دەرکردو خەڵکیان لەو زاڵمانە ڕزگارکرد " لە حاڵی نەزعی گیرانەوە ، دووبارە ژیانەوە " واتا لە سەرەمەرگدا بەفریادیان گەیشت و ڕێی نەدا بمرن وا ئێستا لە سایەی ئینگلیزدا: " هەموو کەس بە سەربەستییەکی تەواو گەڕایەوە سەر ئیش و کاری خۆی، ئادابی دینییەی ئیسلام و میللەتی تر زۆر چاک ڕاگیرا."

تێگەیشتنی ڕاستی لەمیانی ئەم پەرەگرافەدا زۆر بە وردی لە لایەک تەکنیکی هاندان بۆ لاساییکردنەوەی ئاپۆرای بەکارهێناوەو لە لایەکی تریش گرنگترینی خواستەکانی خەڵکی سادەی بەرجەستە کردووەو مەترسییەکانیش داوەتە پاڵ نەیارەکانیان کە تورکن. بە خەڵکی کوردستان دەڵێت : ئێوە چیتان لە خەڵکی بەغدا کەمترە؟ ئەوانیش لە سەرەمەرگدا بوون و ئینگلیز بەفریادیان گەیشت و بوژاندنییەوە، دەی ئێوەش هیممەتێ بکەن . ئێستا لەسایەی ئینگلیزەوە هەموو خەڵک ئازادن و نادرێن بە کوشت، لەبرسانا نامرن، دابو نەریتی ئایینیشیان بە تەواوی پارێزراوە.خۆ ئێوەش هەر داوای ئازادی و ژیان و کەرامەت دەکەن و ناتانەوێ بە کوشت بدرێن: " لە زەرفی چەند ڕۆژێکا لە خەلقی عێراق هەموو جێ ، پیاوی چاک و پاکیان هەڵبژاردو لەسەر ئیشی حکومەتی دایانمەزراندن.بەم نەوعە بناغەی حکومەتێکی بە عەدالەتیان دانا... ئەو وڵاتە کە جاران، بەژاندارمەو عەسکەرێکی زۆر نەیاندەتوانی ئێشکیبگرن ئەمڕۆ بە چەند پاسەوانێ نیگەهداری دەکرێ... داوای خەلق وەکوو حکومەتی پێشوو بە زەبرو زۆرو تکا نابینن. بە زەرەبینی قانون و عەدالەت تەماشای حەق و حەقیقەت دەکەن." ( ت. ڕاستی.1). لەو وتارەدا پروپاگەندەکار فۆکەسی لەسەر بارودۆخی خەڵکی عێراقە لەسایەی دەستەڵاتی ئینگلیزداو بەجۆرێک دەیرازێنێتەوە کە گوایا ئێستا پیاوچاک و پیاو ماقوڵی خەڵکی بەغدا لەناو حکومەتدان و کاروباریان بۆ ڕایی دەکەن. بەوەش ناڕاستەوخۆ ڕووی دەمی لە خەڵکی کوردستانەو سەرنج و هەستی کوردان ڕادەکێشێ و هانیان دەدات شوێن پێی خەڵکی عێراق هەڵگرن تا بگەن بەو خۆشی و بەشارەتە چونکە میللەتی کوردیش سەدان پیاوی زیرەک و بەتوانایان لەناودایە دەتوانن کاروباری خۆیان بەڕێوە ببەن.

"ئەو زەویانە کە جاران سێ یەکێکی لەبەر ظلم نەدەچانرا ئەمڕۆ هەمووی سەوزئەکاتەوە.حکومەتی موعەظەمەی بەریتانیا گەنم و

جۆیەکی زۆری بە فەلاحەکان داو ئیشی تەواو بۆ ئاسان کردن"(ت. ڕاستی.1). زەوی و زارو شکەڵانی پشتگوێ خراوی سایەی ستەم و زۆری عوسمانیان پاراوو گەشانەوە ، سەرتاسەری وڵات سەوز ئەکاتەوە ! بەرهەمی گەنم و جۆیان زۆر زیادیکردووە. نیازی پشت ئەم دەربڕینەش ئەوەیە کە ناڕاستەوخۆ بە کورد بڵێ: کوردستانیش مافی خۆیەتی سەوزبکاتەوەو ئێوەیش مافی خۆتانە لە قات وقڕی و گرانی ڕزگارتان ببێت. دەیسا چاوەڕێی چین ؟.

"جادەی مەملەکەت بە چرای ئەلەکتریک ڕۆشن کرا، شەو لەگەڵ ڕۆژا ئەوەندە فەرقی نەما... خەلق لەبەر ئەم ڕۆشناییەدا کە شەڕ لەگەڵ مانگ و ئەستێرە دەکا تا ساعەتی شەشی شەو بە هەوەسی خۆیان هاتوچۆ دەکەن. چەند مانگێ لەمەوپێش بۆ چرایەکی تەنەکە هەموو ئاواتیان دەخواست. ئەو تاریکی یە لە کوێ ئەم ڕۆشناییە لە کوێ " ( ت. ڕاستی. 1).

لەو پەرەگرافەدا پڕوپاگەندەکاری ئینگلیز بە کوردان دەڵێت: لەسای بەرەکەتی ئینگلیزەوە دنیای تاریکستانی تورک رامالڕاو بە گلۆپی کارەبا شەوانی بەغدا کرا بە ڕۆژی ڕۆشن. ئەو کوردستانەیش چەندە جوانتر دەبێت و ژیانیشتان چەند خۆش و ئاسوودە دەبێت کاتێ ئینگلیز، کارەباتان پێ دەگێنێ و جادەو کۆڵان و ماڵەکانتان ڕۆشندەکاتەوە!. بە سەرنج لێدانەوەو کورتکردنەوەی ناوەڕۆک و نیازی پشت ئەو نموونانە، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە پڕوپاگەندەکار بەهەموو توانایەکیەوە وینەیەکی گەش بۆ بارودۆخی عێراق دەکێشێ و دەرئەنجامە ئەرێنی و هەرە باشەکانی ئەگەری ژیان لەسایەی بەریتانیای مەزندا وەک پاداشت و چەشە بۆ کوردان فڕێدەدات :

| | |
|---|---|
| ئێستا لەسایەی ئینگلیزدا لە عێراق | ئازادی و کارو کەسابەت هەیە.<br>ئادابی ئیسلامەتی و ئاینی تر پارێزراون.<br>پیاوچاکان لە حکومەتدا کاردەکەن.<br>یاساو دادپەروەری هەیەو بەرتیل و گەندەڵی و نادادی نەما.<br>تاریکی نەما. شەقام و کۆڵانەکان بە کارەبا ڕۆشن کرانەوە. |

پڕوپاگەندەکاری سیاسیی هەردوو وشەی ( ئەو ) و ( ئەم )ی بەجۆرێک بەکاربردووە کە نیشانەی زیرەکی و بەتوانایيەتی لەم بووارەدا : ( ئەو تاریکی یە ) و ( ئەم ڕۆشناییە) .. ( ئەو ) بۆ دوورو ( ئەم ) بۆ نزیک! (ئەو) تەنها ئاماژەیەک نیە بۆ تاریکی بەڵکو لەڕاستیدا ئاماژەیەکە بۆ خاوەن و دروستکەری تاریکییەکە کە تورکە !. (ئەم ) یش تەنها ئاماژە نییە بۆ ڕۆشناییەکە بەڵکو ئاماژەیە بۆ خاوەن و دروستکەری ڕۆشناییەکە کە ئینگلیزە ! ( ئەو ) ێک کە تورکە لە کوێ و ، ( ئەم ) ێک کە ئینگلیزە لە کوێ ؟

پڕوپاگەندەکاری سیاسی دەیەوێ بە کوردانی ژێر چەپۆکی تورک بڵێ :

ئەو چرا ئەلەکتریکە، دروستکراوو بەرهەمی زانایی ئینگلیزە، ئەو ڕۆشناییەش بەشێکە لە خێرو فەزڵی ئینگلیز بۆ هەموو دنیاو بۆ خەڵکی ئەم وڵاتەیش. ئەو ڕۆشناییە کە ئێستە لە بەغداد تاریکیی شەوەزەنگی سەدان ساڵەی زوڵمی تورکی ڕەواندۆتەوە جگە لە نوری پاکی حکومەتی فەخیمەی بەریتانیا، چیی تر نیە ! تورک و تاریکی پێکەوە، بوون بە (ئەو).. ئەوێکی دوور کە بووە بە ڕابوردوو !. بەریتانیاش کە ئیمپراتۆریەتێکەو خۆری لێ ئاوا نابێ، هاوواتای ڕۆشنایی و خێرو خۆشییەو بووە بە (ئەم) .. ئەمێکی نزیک، زۆر نزیک ! کەهەم لە ئێستاو هەم لە ئایندەشدا ئامادەیە !. (ئەو) بەکوشتی دەدان و (ئەم) ژیانتان پێ دەبەخشێتەوە، (ئەو) برسی و لات و بێکاری کردبوون، ئەم تێرتان دەکات و دەتانخاتە سەرکارو کاسبی، ( ئەو) کۆت و زنجیری لە دەست و پێ نابوون ، (ئەم) سەربەست و ئازادتان دەکات. ( ئەو) ناعادیل و بێ سەروبەر بوو، (ئەم) عادیل و بە نیزامە، ( ئەو) بەناوی دینەوە خیانەتی لێدەکردن ، (ئەم) ڕێز لە ئایین و ئادابی دینیتان دەگرێ و موسڵمانانی خۆش دەوێت. ( ئەو) دنیای لێ تەنگ و تاریککردبوون، (ئەم) دنیاو ژیانی لێ ڕۆشنکردنەوە. (ئەو) لە هەموو ئەوانە بێ بەشی کردبوون ، ( ئەم ) هەموو ئەمانەی بۆ دابین کردوون. (ئەو) ئاوی ئاموون و توونی بابا چوو ! .. (ئەم ) خۆشهات و ئامادەیەو وا لێرەیەو دەشمێنێتەوە !

| ئەو | ئەم |
|---|---|
| تورکە | ئینگلیزە |
| تاریکییە | ڕۆشناییە |
| بەکوشتی دەدان | ژیانتان پێدەبەخشێ و دەتانبووژێنێتەوە |
| برسی و لات و بێکاری دەکردن | تێرو تەسەلتان دەکات و دەتانخاتە سەر کارو کاسبی |
| کۆت و زنجیری لەدەست و پێ نابوون | سەربەست و ئازادتان دەکات |

| | |
|---|---|
| ناعادیل و بێ سەرو بەرو بەرتیل خۆر | عادیل و بە نیزامە |
| بە ناوی دینەوە خیانەتی لێکردن | ڕێز لە دابونەریتی دینیتان دەگرێ وموسڵمانی خۆشدەوێت |
| لەدنیادا نرخ وبایەخی نەما | حکومەتە مەزنەکانی دنیا بەڕێوە دەبات |
| دوورە | نزیکە |
| چوو ، نەما | هات .. لێرەیە .. دەمێنێتەوە |
| ڕابوردووە | ئیستاو ئایندەتانە |

5. تەکنیکی پیاهەڵدان و هاندان :

تەکنیکێکی تری پروپاگەندەکاری سیاسی لە تێگەیشتنی ڕاستی دا، پیاهەڵدان و هاندانی کوردە لەرێی وەبادهێنانەوەی سەروەرییە مێژووییەکانی تێکۆشان و ئەدەبیاتیەوە ، بۆ ئەوەی کە هەم مەیلێکیان تیا بچێنێ بەلای ئینگلیزداو هەم هانیشیان بدات بەگژ تورکدا بچنەوەو تا ئینگلیزەکان دەگەنە جێ، ئەمان تورکیان بۆ ڕاماڵن و کوردستانیان وەک هێلکەیەکی پاککراو بدەنە دەس : " کورد قەومێکە دائیمەن ئیسپاتی مەوجودیەتی کردوە و ناوی لە تەواریخی عالەمدا هەیە .. حەیف نیە ئەم قەومە ئازایە لەناو ئەقوامی تازە خۆی پێشان نەدا .. ئەمڕۆ زەمانێکە کە هەموو ئەقوام داوای حەقی خۆیان دەکەن .. بۆچی کوردیش لەهەموو جێ جەمعیاتی علمیە تەئسیس و تاریخی ئەدەبیاتی خۆیان تەدوین نەکەن ، لەگەڵ ئەمە کە تاریخێکی موحتەشەم و ئەدەبیاتێکی مونتەزەمیان هەیە . کورد ئەگەر خۆیان بۆخۆیان سەعی نەکەن کەس بەفریادیان ناگا . گەورە گەورەکانی ئەکراد دەبێ بۆ تەرەقیی ئەوان فکر بکەنەوە و هەرچی لازمە بەجێی بێنن .. " ( ت. ڕاستی.11 ).

" عولەمای ئەوروپا و حەتا موحەررانی تورک دەیانوت کە ئەکراد ئەدەبیاتیان نیە. ئەمما ئێمە لەو رۆژنامە کوردیانەی کە لەمەوپێش نەشر کرا ئیسپاتمان کرد کورد ئەدەبیاتێکی نازک و رەنگین و شیرینیان خصووصەن لە شیعردا دەستێکیان هەیە " (ت. ڕاستی.20 ).

پروپاگەندەکاری سیاسی لە وتارێکدا بە تەکنیکی هاندان ، راستەوخۆو بێ پەردە هانی راپەڕینی کوردان دەدا لەدژی تورکان : " ئەمڕۆ ئەگەر حکومەتی ئینگلتەرە بزانێ کە هەرایەو لە کوردستاندا قەوماوە، تۆپ و لەشکر سەوق دەکاو بەبێ ئەمە کە خوێن لەلوتی کوردێ بێ ئیشی کوردستان جێ بەجێ دەبێ .... ئەی کورد، برایانی فەقیرو رەنجبەر خۆتان زۆر چاک دەزانن کە ئەرزی کوردستان هەموو شاخ و داخە ، عەسکەری غەریب ڕێی تێدا چاک دەرناکا ، ئەگەر کورد سیلاحی خۆیان بێنن و لەگەڵ ئێوە یەک بن دەتوانن هەرایەکی گەورە بەرپابکەن " (ت. ڕاستی.15).

بەپێچەوانەی سیاسەتی باوی ئەوسای ئینگلیزەوە کە (پەرتکە و زاڵبە) بوو، لەو قۆناغەدا بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا وای دەخواست کە یەک دەنگی و یەک هەڵویستییەک لەناو گەورەکانی کورددا دژ بەتورک هەبێ چونکە هەر پەرتبوون و جیاجیاییەک لەناویاندا واتا بەشێکیان ئەیاندایە پاڵ تورک و دەبوونە ڕێگر لەبەردەم پلان و پیلانی داگیرکاری و فراوانخوازیی ئینگلیزدا، بۆیە پروپاگەندەکاری سیاسی لە (تێگەیشتنی ڕاستی) دا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو زیرەکانە پەنای بۆ تەکنیکێکی تر بردووە کە بریتی بوو لە هاندانی خەڵکی کورد بۆ یەک بوون ! پروپاگەندەکاری ئینگلیز لە تێگەیشتنی ڕاستیدا ژێی هەستیاری (یەکێتی و یەکبوونی سەرگەورەکان ) ی هەڵبژاردووەو بە پەنجە سیحراوییەکانی دەیلەرێنێتەوە و ئاوازە بەچێژەکەی دەدات بەگوێی کورداندا کە زۆر لەمێژ بوو تینووی ئەو یەکێتی و یەکبوونە بوون. هانی گەورەکانی کوردی دەدا ، یەک بگرن و یەک دەنگ بن! ئەو تەکنیکە بەڕواڵەت بە نیازی ڕزگارکردنی کوردان بوو، بەڵام لەڕاستیدا بۆ دژایەتیکردنی تورک و لایەنگری و پشتیوانیی ئینگلیز بوو : " ئەمڕۆ کێ حەز ناکا، گەورە گەورەکانی کورد دەست بدەنە دەست یەک و بۆ رزگاربوونی ئەم قەومە تێبکۆشن ..... هەڵبەتە حکومەتی موعەززەمەی ئینگلتەرە کە کوردانی لەهەموو کەس زیاتر خۆش دەوێ وەکو ئیشی ئەقوامی تری ئاسان کرد ئیش بۆ ئەوانیش ئاسان دەکا ..... حکومەتی ئینگلیز، کوردانی زۆر خۆش دەوێ، چونکە دەزانێ لەتاریخی عالەمدا کوردان ناوێکی گەورەیان هەیە و بە مەردی و ئازایی هەتا ئێستاکە خۆیان راگرتووە ، حەز ناکا وا بڵاو بمێننەوەو خزمەتی ئەم وئەو بکەن .... کورد عاقڵن ، دەبێ نەختێ تێ فکرن ، تازووە یاریەی حکومەتی موعەززەمەی ئینگلتەرە تەڵەب و خۆیان هەم لەتورک و هەم ئەڵمان و کەسانی تر رزگار بکەن و بۆخۆیان جوێ بژین، خودا پەکیان ناخا " (ت .ڕاستی. 18 ).

(تێگەیشتنی راستی ) تا ژمارە، 33 هەر لەسەر ئەم رەوتە بەردەوام بووەو چەند قەسیدەیەکی تری حاجی قادری بڵاوکردۆتەوەو هەستی نەتەوەیی لە ناو کورداندا وروژاندووە ، بەڵام کتوپڕ لە ژمارە 34 دا گۆشەی ( ئەدەبیاتی کورد) راگیراوە .. پێدەچێت ئینگلیزەکان ئیتر بڕیاریان دابێ ئەم هەڵمەتی خرۆشاندنی هەستی

نەتەوەییەی كورد ڕابگرن ، چونكە سنووری بەزاندووەو مەترسییەكانی بۆ ئایندە زۆرو چاوەڕوان نەكراو دەبن !

دەرئەنجامەكان:

1. بەدرێژایی مێژووی هەموو دەوڵەت و ئیمپراتۆریەت و شارستانیەتییەكان، پروپاگەندە بۆ خزمەتی ئامانجەكانی كۆمەڵگە جیاجیاكان و لەدژی نەیارو دوژمنەكانیان بە شێوازو ڕێگە سەرەتاییەكانی ڕاگەیاندن پیادەكراوە. لەسەردەمی نوێشدا ئێستایشی لەگەڵدا بێت، میدیای جەماوەری ( ڕۆژنامە، ڕادیۆ ، تەلەڤیزیۆن، شانۆو سینەما) ئامرازێكی زۆر گرنگ بوون بۆ پەخش و وەشاندنی پروپاگەندەی سیاسی.

2. ئینگلیز وەک زلهێزێكی سیاسی و سەربازیی یەكەمین جەنگی جیهانی، هەر لە سەرەتای دەسبەسەراگرتنی ویلایەتەكانی بەسرە و بەغداوە ، هیچ دەرفەتێكی لەدەس نەداوەو بە بەرنامەو قۆناغ بە قۆناغ، لە بواری پروپاگەندەی سیاسیدا هەموو توانا بەردەستەكانی ڕاگەیاندنی عەرەبی و كوردی وكارامەیی لایەنگرانی سیاسەتەكانی خۆی، خستۆتە گەڕ.

3 . لەبەرئەوەی لەو سەردەمەدا ڕادیۆو سینەما زۆر بەردەس و باو نەبوون، كەناڵی سەرەكیی پەخشی پەیامە ئایدۆلۆژی و هەواڵە سەربازی و سیاسییەكانی دژبەرەكانی جەنگ، لاپەڕەی ڕۆژنامەو هەندێ پۆستەرو بڵاوكراوەی تر بوون، بۆیە هەر كە ناوچەیەكی نوێ دەكەوتە ژێر دەستی ئینگلیز، فەرماندەی سوپا گورج دەستی دەدایە دەركردنی ڕۆژنامەیەكی چەند لاپەڕەیی بەزمانە لۆكاڵییەكان و لەڕێی بڵاوكردنەوەی وتارو هەواڵی بەرەكانی جەنگەوە، هەڵمەتێكی پروپاگەندەی سیاسیی تۆكمەی فرەلایەنی بە جۆرەها تەكنیك بەرپادەكرد بۆ بەرژەوەندیی خۆی و بۆ هێوركردنەوەی ڕاپەڕین و بەرهەڵستییە لۆكاڵییەكان و لە دژی نەیارەكانی، كە تورك و ئەڵەمان بوون.

4 . یەكێ لەو ڕۆژنامانەی ئینگلیز وەك ئامرازو كەناڵێكی پروپاگەندەی سیاسی بەكاری دەهێنا ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی ) بوو كە بە زمانی كوردی، بەپاڵ چەند ڕۆژنامەیەكی تری عەرەبییەوە، بۆ ماوەی ساڵێك و بیست و شەش ڕۆژ( 1918 – 1919) لە 67 ژمارەدا ، بە سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی مێجەرسۆن و بەهاوكاریی شاعیرو نووسەری كورد شوكری فەزڵی و چەندین ئەدیبی ناو نەهێنراوی تر، لە بەغدا چاپ و بڵاودەكرایەوە.

5 . (تێگەیشتنی ڕاستی) تێكەڵەیەك تەكنیك و شێوازی پروپاگەندەی سیاسیی لە بەرژەوەندیی ئینگلیزو بۆ ڕامكردن وهاندانی خەڵك و سەرۆك خێڵ و ڕابەرانی كورد لە دژی تورك و ئەڵمان پەیڕەوكردووەو وتارو سەروتارو هەواڵ و ڕاپۆرتەكانی لەخزمەتی ئەو ستراتیژەی ئینگلیزدا بوون بۆ كۆنترۆڵ و ئاراستەكردنی مێشك و دەروونی خەڵكی كوردستان و هەڵگرتنی كۆتوبەندو یاساو ڕێساكانی خەلافەتی سەدان ساڵەی توركی عوسمانی و جێگرتنەوەیان بە كۆمەڵێك بابەت و چەمك و ئاسۆی بیركردنەوەی نوێ، كە ( سەربەستی و ئاشتی ، ڕزق و كارو كاسبی و ژیانی تێرو تەسەل ، ڕۆشنایی و ڕزگاربوون لە تاریكستان ، ژیانی بێ شەڕو كوشتار، دەرچوون لە ژێر دەستەیی و ناعەدالەتیی توركی خراپەكار) بەرچاوترینیان بوون.

6 . دیارترینی ئەو تەكنیكانەی تێگەیشتنی ڕاستی لە پروپاگەندەی سیاسیی بەریتانیدا بەكاری هێناون، وەك لەو نموونانەی لە دووتوێی توێژینەوەكەدا خراونەتە بەر باس، بریتی بوون لە:

- تەكنیكی گەمارۆدانی هزرو دەروون : لەڕێی دواندنی هەست و سۆزەوە بە زمانێكی سادەو بەڵێن و پەیمانی بریقەدارو دڵخوازی خەڵك و خرۆشاندنی هەست و كولانەوەی كۆنە زامەوە.
- تەكنیكی ئەفسانەسازیی ئەرێنی و نەرێنی : لەڕێی فریشتاندنی ئینگلیزو دێواندنی تورك و ئەڵمانەوە.
- تەكنیكی گۆڕینی مەرجەع : لەڕێی نەفرەتكردن لە مەرجەعیەتی عوسمانی و پەنابردن بۆ چامە ناودارەكانی مەزنە شاعیرانی وەك نالی و شێخ ڕەزاو سالم و حاجی قادری كۆیی و سوود وەرگرتن لە ناوەڕۆكی چامەكانیان بۆ خزمەتی سیاسەتی هەنووكەیی بەریتانیا.
- تەكنیكی لاساییكردنەوەی ئاپۆرا : لەڕێی پیاهەڵدان و ڕازاندنەوەی ژیانی نوێی خەڵكی بەغداو بەسرە لەسایەی دەستەڵاتی ئینگلیزداو هاندانی كوردان بۆ شوێنپێهەڵگرتنی ئەوان تا بگەن بەو خۆشی و بەشارەتەی عێراقییەكانی تێدان.
- تەكنیكی پیاهەڵدان و هاندان : لەڕێی پیاهەڵدانی ئازایەتیی خێڵ و سەرۆك خێڵ و هۆزە كوردییەكان و بەیادهێنانەوەی مێژووی سەروەرییەكانی كوردەوە كە هەرگیز ملكەچی توركان نەبوون.

سەرچاوەكان :

**سەرچاوە كوردییەكان :**


**1. مستەفا، نەوشیروان، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، كتێبی دوەم، بەرگی یەكەم، ل124 ، الدار العربية للعلوم ناشرون، (2013)**

2. مەزهەر ، كەمال ، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی كوردیدا، چاپخانەی كۆڕی زانیاریی كورد، بەغداد،1978
3. ژمارەكانی : 1 ،2 ،4 ،11 ،13 ،15 ، 17 ، 18 ،20 ،23 ،24 ، 25 ، 28 ،31 ،33 ی تێگەیشتنی ڕاستی ، بەغداد ،1918 – 1919

سەرچاوە عەرەبییەكان:

4. أبو اصبع ، صالح خليل ، الاتصال والاعلام في المجتمعات المعاصرة،دار المجدلاوي للنشر والتوزيع ،ط5 2005
5. الحسني ، عبدالرزاق ، تاريخ الصحافة العراقية، ط 3، الجزء الأول، 1971
6. بدر ، احمد ،الرأي العام طبيعتة وتكوينة وقياسة ودوره في السياسة العامة، القاهرة،دار قباء للطباعه والتوزيع، 1977.
7. حاتم ، محمد عبد القادر ، الرأي العام وتأثره بالاعلام والدعاية ، بيروت، مكتبة لبنان، 1989،ج 2.
8. الدليمى ، عبدالرزاق ، مدخل الى علوم الاعلام و الاتصال، دار الثقافة عمان الاردن. 2011
9. الدليمى ، عبدالرزاق ، الدعاية والشائعات والرأي العام ، رؤية معاصرة، ب.ت.
10. ربيع ، حامد ، نظرية الدعاية الخارجية، مكتبة القاهرة، 1972 .
11. سكري ، رفيق ،دراسة في الرأي العام والاعلام والدعاية، طرابلس ، 1991 .
12. سميسم ، حميدة ، الحرب النفسية، مدخل، بغداد، دار الكتب للطباعة، 1992.
13. هربرت أ. شيللر، المتلاعبون بالعقول، الكويت، سلسلة عالم المعرفة،1999
14. صحيفة العرب، العدد 1 و العدد:6 ، المجلد الثاني، 7 كانون الثاني،1918 .
15. صلاح نصر،الحرب النفسية معركة الكلمة والمعتقد،ج 1، ، دار القاهرة للطباعة والنشر ، 1967.
16. غي دورندان،الدعاية والدعاية السياسية، ترجمة د. رالف رزق الله،المؤسسه الجماعية للدراسات والنشرو التوزيع ط2، 2002.
17. محمد حارث ، هيئة الدعاية والإعلان ، 2018 .
18. هادى طعمة، الاحتلال البريطاني والصحافه العراقية، بغداد، 1984 .
19. هاني الرضا،رامز محمد عمار، الرأي العام والاعلام والدعاية. بيروت،المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، 1998 .
20. ولبور شرام،اجهزة الاعلام والتنمية الوطنية ، دور الاعلام في البلدان النامية، القاهرة، 1970.

بە ئینگلیزی :

21. dictionary.cambridge.org
22. http://blog.tavbooks.com)
23. https://www.wdl.org/en/item/10097/#q=al+iraq
24. https://www.wdl.org/en/item/3336/
25. A Propaganda Model Edward Herman & Noam Chomsky Excerpted from Manufacturing Consent, 1988. https://chomsky.info/consent01/
26. Jacques Ellul, Propaganda the formation of men’s attitudes. vintage books, a division of Random House, New York.1973
27. James Combs and Dan Nimmo (1993) The New Propaganda: The Dictatorship of Palaver in Contemporary Politics. New York: Longman.
28. Jay Black, Semantics and Ethics of Propaganda Jay Black University of South Florida—St. Petersburg. Journal of Mass Media Ethics, 16(2&3), 121–137, 2001, Lawrence Erlbaum Associates, Inc.
29. Mark Lewis, "Historical Setting: The Ottoman Period, 1534-1918," in Iraq: A Country Study, edited by Helen Chapin Metz (Washington: GPO for the Library of Congress, 1988). https://www.wdl.org/en/item/12236/#collection=al-arab-newspaper-collection&grouping=12236
30. Nancy Snow IEJ, S 2019.pdf, July 2018 .DOI: 10.1002/9781118841570.iejs0267
31. R. Hobbs & S. McGee, Journal of Media Literacy Education, 2014 - digitalcommons.uri.edu 6(2), 56 – 66
32. T. James Luce. The Greek Historians, 2002.
33. Thomas N. Wisdom and Robert L. Goldstone, Innovation, Imitation, and Problem-Solving in a Networked Group, Nonlinear Dynamics, Psychology, and Life Sciences, Vol. 15, No. 2, pp. 229-252. 2011
34. War Department, What Is Propaganda? By the American historical association, 1944.
35. Zhang, Y., & Wildemuth, B. (2016). Qualitative analysis of content. In Barbara Wildemuth (Ed.), Applications of social research methods to questions in information and library science. Libraries Unlimited, Westport, Conn.

# The British political propaganda in Tegaishtny Rasty- Understanding the Truth, newspaper.

**Asst. Prof. Dr. Bahat Haseeb Qaradakhy.**
**Department of Media Techniques, Erbil Technical Administrative College, Erbil Polytechnic University, Erbil, Kurdistan Region- Iraq.**

**Abstract**:

After the occupation of Baghdad in 1917, the British began planning to reach South Kurdistan. They intended to achieve their goal with minimal loss of life, so they had to prepare for this military operation by launching a political propaganda campaign, programmed with all available techniques.

Thus, the decision to issue a Kurdish language newspaper under the name of (Tegaishtny Rasty - Understanding the Truth) has become very necessary. The newspaper ran an intense political propaganda campaign and became the media platform of the British military command during World War 1st.

The main purpose of the newspaper was to convince the Kurdish people and their tribal leaders that the British had won the war and that the Turks had been defeated. The second aim was to tell the Kurdish people that everyone who joined the ranks of the winner had received all the good and the happiness, and whoever opposed the British and .supported the Turks, would lose

The newspaper ran its political campaign for a full year using a combination of propaganda techniques and all skills used by some of the Kurdish writers who lived in Baghdad at that time, addressing the mentality and emotions of ordinary, educated, .tribal and Kurdish people living in big cities

This study is a scientific attempt to uncover the techniques practiced by (Tegaishtny Rasty - Understanding the Truth) in political propaganda campaigns for the benefit of the British and against .the Turks